# گیرفان

وەرزە گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتیی سەربەخۆیە

ژمارە
21
2013

تیۆرە کلاسیکییەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی

هەنگاوێک بەرەو هۆشیاریی دەرونی تاک

ئەنفال . پرسێکی هەمیشە زیندوو . پەلامارێکی مەترسیدار

شۆڕشی خۆرئاوای کوردستان لە میدیای باشوری کوردستاندا

ژنێک بەخوێنی خۆی نیشتمان زیندوو دەکاتەوە

# گیرفان

21


خاوەنی ئیمتیازو سەرنوسەر

مەلا تەحسین گەرمیانی

malatahsen@yahoo.com

07701575492

جێگری سەرنوسەر

عمر عبدالکریم

omerteno@yahoo.com

بەڕێوەبەری نوسین

د. ئومێد بەرزان برزۆ

dr.omedbarzan@yahoo.com

دەستەی نوسەران

سامان کریم — ئاسۆ وەهاب

ساڵەح هەلاج — رەحمان علی

بەناز عمر — پەخشان محەمەد

ئینتەرنێت: www.dengekan.com

ئیمەیڵ: Govarigirfan@yahoo.com

ناونیشان : کوردستانی باشوور - کەلار

چاپ: چاپخانەی رەهەند

بۆ ئەوەی نەوەکانمان لە بیریان نەکەن :

# کورتەیەک دەربارەی مامۆستا مەلا محەمەد سەعید موفتیی کفری

رەحیم حەمید عەبدولکەریم



لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا زۆرن ئەوانـەی کـە لـە نێـو کۆمەڵگـا ولـە دوتـۆی مێـژوودا ناویـان بەزیندوێتـی دەمێنێتـەوە ونـەوە لـەدوای نـەوە باسـدەکرێت ، ئـەوەش بێگومـان دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو ڕۆڵـەی کـە بینیویانـە لـە بونیاتنانـی چمکێـک لـە پایەکانـی شارسـتانی وڕووی گەشـی مرۆڤایەتـی ، شـاری دێرینـی کفـری بـە درێژایـی مێـژووی کـۆن ونوێـی چەندیـن کەڵـە پیـاوی تێـدا هەڵکەوتـووە وبوونەتـە ئامرازێـک بـۆ پێشخسـتنی

ڕەوتـــی مرۆڤایەتـــی لـــەو دەڤـــەرەدا ، یەکێـــک لـــەو زاتانـــەی کـــە توانیویانـــە لـــە ســـەردەمانێکی مێـــژووی ئـــەم شـــارەدا خزمەتێکـــی زۆر بگەیەننـــە شـــاری کفـــری وبگـــرە ناوچـــەی گەرمیـــان وکوردســـتان بـــە گشـــتی ئـــەو زاتـــە نـــاوی (محەمـــەد ســـەعید محەمـــەد مســـتەفا) یـــە لـــە گونـــدی (بێـــورێ)ی ســـەر بـــە ناحیـــەی (ســـیوەیل) ی ســـەر بـــە قـــەزای چوارتـــا لـــە ســـاڵی ١٨٥٦ زاینـــی بەرانبـــەر ســـاڵی ١٢٤٧کۆچـــی لەدایـــک بـــووە خوێندنـــە ســـەرەتاییە ئاینیەکانـــی لای باوکـــی تەواوکـــردووە دواتـــر چۆتـــە ســـلێمانی بـــۆ تەواوکردنـــی خوێنـــدن ودواتریـــش بـــۆ لای زانـــای پایەبەرز(مامۆســـتا مـــەلا عەبدولڕەحمانـــی پێنجوینی)لـــە پێنجویـــن وهـــەر لـــە لای ئـــەو ولـــە ســـاڵی ١٣٠٩ ی کۆچـــی مۆڵەتـــی زانســـتی ئاینیـــی وەرگرتـــووە، لـــە ســـاڵی ١٣١٢کۆچـــی لـــە گـــەڵ برازاکەیـــدا (مـــەلا عەبدولکەریـــم)ڕوو دەکەنـــە شـــاری کەرکـــوک ولـــە لایـــەن ئەوقافـــی کەرکوکـــەوە دوای ئەزموونکردنیـــان مامۆســـتا مـــەلا محەمـــەد ســـەعید بـــە قازیـــی شـــەرعی بـــۆ شـــاری کفـــری دادەمەزرێـــت وبرازاکەشـــی(مەلا عەبدولکەریـــم) وەکـــو وتارخوێـــن وبەرنوێـــژی مزگەوتـــی شـــێخباوە دادەمەزرێـــت کـــە ئـــەوکات ســـەر بەناحیـــەی قەرەتەپـــەی ســـەر بـــە قـــەزای کفـــری بـــوووە . دوای ماوەیـــەک ولـــە ســـاڵی ١٣١٩کۆچـــی ، دەکرێتـــە موفتیـــی ئـــەو شـــارە ،

ودوای ماوەیەکــی تــر وبــە لادانــی مــەلا عــە بــدولاّی خەتیـب کـە بەرنویّـژ ووتارخویّنـی مزگەوتـی کفـری بووە مامۆسـتا مـەلا محەمـەد سـەعید دەخریّتـە شـویّنەکەی وبـەم شـیّوەیە دەبیّتـە بەرنویّـژ ووتارخویّنـی مزگەوتـی حەمیدیـەی کفـری ولەهەمـان کاتـدا موفتـی شـارەکەش دەبیّـت ، لــە ســالّی ١٣٢٩ کۆچـی مامۆسـتا مۆلّەتیّکـی تـری زانسـتی پیّدەبەخشـریّت لەلایـەن مـەلا ئەبوبەکـری کـوڕی عومـەر لەشـاری هەولیّـر کـە بـە (مـەلا کوجـک) بەناوبانــگ بــووە .

موفتـی ئەفەنـی بـە هـۆی هەلّویّسـتە نیشـتیمانیەکانیەوە لـە هاریکاریکردنـی بزووتنەوەکەی شـیّخ مەحمـودی نەمر بـۆ ماوەیـەک ئینگلیـزەکان لەسـەر کاری لادەبـەن وپلـە وپایەکانـی لیّدەسـیّننەوە ، هەروەهـا موفتـی لـە ماوەیەکـدا ئەندامیّکــی چــالاک دەبیّــت لــە ریّکخــراوی ئازادیــی کوردسـتان ودوای سـالّی ١٩٣٧ ودامەزراندنـی کۆمەلّـەی (دارکەر)لـە کوردسـتان بەهەمـان شـیّوە بەشـدار دەبیّـت لـەو کۆمەلّـەدا وهەردەم بـاوەڕی بـەوە بووە کە پیّویسـتە کـورد نۆکـەری دوژمنانـی نـەکات. موفتـی سـیوەیلی لـە مـاوەی ژیانیـدا دوو ژنـی هیّنابـوو سـیّ کـوڕ ودووکچـی بــووە ، هەمــوو ژیانــی بــە وانەووتنــەوە وخویّنــدن وفەتـوادان ونووسـین تەواوکـردووە چەندیـن حاشـیەی نووسـیوە وژمارەیەکـی زۆر کتیّـب ودەستنووسـی خـۆی



موفتی کفری

هەیە وژمارەیەکی زۆر لە کتێبی ئاینی جۆراوجۆری بە زمانەکانی عەرەبی وتورکی لەدوای خۆی بەجێ هێشتووە لە بوارەکانی فیقە ونەحو وصەرف وتەفسیر ونگق وبەیان وبەدیع و.هتد ، ئەمانەی لای خوارەوە هەندێک لە ناوی دەستنووسەکانیەتی کە بە دەست وبەنجەی خۆی وبە پێنووسی کۆن نووسیویەتی:

١. تقريب المرام في شرح تهذيب الكلام ٦٣٦ لاپەڕیە ساڵی ١٨٩٠ ز نووسراوە.

٢. كفاية المعاني لە ساڵی ١٣٢٠ك نووسیویەتی .

٣. تبصرة الشيخ جلال الدين السيوطي/ساڵی ١٩٠٧ ز نوو سراوە.

٤. المكفرات للبيتوشی .

٥. نامیلکەی تەجویدی قزلجی ساڵی ١٣٢٣ك نو و سیو یە تی .

٦. نامیلکەی(اداة تعليق الطلاق)هی پێنجوێنی یە

وموفتــی لــه شــاری ســلێمانیدا نووســیویەتی.

موفتــی ئەفەنــی لــە مــاوەی ووتنــەوەی وانــە لــە مزگەوتــی حەمیدیــەی شــاری کفــری ئــەم زاتانــەی لای خــوارەوە لــەلای ئــەوەوە مۆڵەتــی مامۆســتایی ئاینیــان وەرگرتــووە یــان فەقــی بوونــە وبوونەتــە خەڵکــی ڕۆشــنبیر کــە ئەمانــەی لای خــوارەوە هەندێکیانــن:

١. مامۆستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی.
٢. مەلا محەمەد سەعیدی زەندی مەلای کوڵەجۆ.
٣. ملا حەکیمی خانەقین.
٤. مەلا محەمەد ڕەفیعی زەندی
٥. مەلا حەسەنی نوحی.
٦. مەلا حەمیدی شێخباوە.
٧. مەلا ئەحمەد محەمەدی بەرزنجی.
٨. مەلا عەلی وەلی زەندی.
٩. مەلا عەبدولرەوحمانی کنگربان .
١٠. مەلا سەید ئیسماعیل.
١١. مەلا عەزیزی پالانی.
١٢. مەلا عەلی عەبدوڵا.
١٣. مەلا سەعیدی جاف.
١٤. مەلا سەید نیزامەدین.
١٥. مەلا محەمد ئەمینی کارێز.
١٦. مەلا ڕەشید.

لــه ســاڵی ١٣٦٠ کۆچــی بەرانبــەر بــه ســاڵی ١٩٤١ مامۆســتا مــەلا محەمــەد ســەعید نەخــۆش دەبێــت ودەیبــەن بــۆ بەغــدا ولەگــەڵ ئەحمــەدی کــوڕی کــه لــه بەغــدا نیشــتەجێ دەبێــت وپارێزەرێکــی بەناوبانــگ دەبێــت چەنــد ڕۆژێــک بــۆ عیــلاج لــەوی دەمێنێتــەوە بــەڵام مــردن مــەودای نــادات وگیــان لەدەســت دەدات وخــزم وکــەس وخۆشەویســتانی دەیهێننــەوە ولــه نێــو باخچــەی ماڵکــەی خۆیــدا ولەســـەر وەســـیەتی خــۆی لەوێــدا دەنێژرێــت وتاوەکــو ئەمــڕۆ گۆڕەکــەی لــەو شــوێنەیە دوای ئــەوە کەســـوکاری ژووریکیـــان لەســـەر دروســـتکرد وبـــه بلــۆک شــورایەکیان بــۆ ژوورەکــه کــردووە ، کــه لــه راســتیدا پێویســتە حکومەتــی هەرێــم هەروەکــو ئــەوەی ئاســەوارێکی کــۆن کارێــک بــکات بــۆ ئــەو شــوێنە وحەقی خۆیەتــی کــه ئــەو ئارامگایــە هەنــدێ بایەخــی پێبدرێــت هــەر وەکــو وەفایــەک بــۆ ئــەو زاتــە مەزنــە وهــەم وەکــو ئەرکێــک کــه پاراســتنی پیرۆزیــەکان ودیرۆکــی شــاری دێرینــی کفرییــە .

پەراوێز وسەرچاوەکان :

١. زۆربــەی ئــەو زانیاریانــەی کــه نووســراون لــه دوتــۆی دەستنووســێکی باوکــم بەڕەحمــەت بێت(مــەلا حەمیــد) وەرمگرتـــوون کـــه ژمـــارەی لاپەڕەکانـــی ٤٠٠ لاپـــەڕە

دەبێــت وزانیاریەکانــی هەمەڕەنگــن ووەکــو کەشــکۆڵ وایــە.

٢. مــەلا جەمیــل ڕۆژبەیانــی / گۆڤــاری بەیــان ژمــارە (١٦٩)لــە ســاڵی ١٩٩٢ لاپــەرە (٨) دەربــارەی موفتــی ســیوەیلی کــە بەداخــەوە بەهەڵــە نووســیویەتی بــەرواری لەدایکبوونــی موفتــی لــە ســاڵی ١٢٧٦کۆچیــە بــەڵام ڕاســتیەکەی ســاڵی ١٢٤٧کۆچیــە کــە بەرانبــەرە بــە ســاڵی ١٨٥٦ی زاینــی .


٣. رفعــت محمــد رشــید / ڕۆژنامەی(الاتحاد)لــە ژێــر ناونیشــانی( المفتــی الســیویلی ...)ژمارە ٤٦٢لــە ٢٠٠٢/٣/١.


٤. لەکتێبــی (علماؤنــا)ی مامۆســتا مــەلا عەبدولکەریمــی مودەریــس هاتــووە کــە گوایــە مامۆســتا محەمــەد ســەعید لــە ســاڵی ١٣٤٢ی ک کۆچــی دوایــی کــردووە بەڵکــو ڕاســتەکەی ســاڵی ١٣٦٠ ک کۆچــی دوایــی کــردووە .

٥. ســمکۆ بەهــرۆز/ مێــژووی ئــەو کۆمەڵەوڕێکخــراو وحیزبانــەی لــە ناوچــەی کەرکــوک ســەریانهەڵداوە.


٦. صــلاح الدیــن عبــد الحمیــد عبــدالله/ شــاری کفــری لــە تــەرازووی ڕەســەنایەتی وشارســتانیدا.

وێنەی هەندێک لە دەستنووسەکان کە موفتی لەدوای خۆی بەجێی هێشتوون:









# گەشتێکی گەڕیدە و ڕووناکبیریی گەورەی عەرەب

## عەباس عەزاوی بۆ ناوچەی گەرمیان و کەلار ١٩٤٣

*ئەحمەد باوەڕ*

*زانکۆی گەرمیان –کۆلێژی پەروەردە*

پارێزەرو گەڕیدەو مێژوو ناسی گەورەی عەرەبی عێراق عەباس عەزاوی (١٨٨٨ –١٩٧١/٧/١٧) بەیەکێک لەو بیریار و ڕووناکبیرانە دادەنرێت ، کە شانبەشانی خزمەتکردنی لەبواری ڕووناکبیریی عەرەبی و، بەتایبەتی عێراقیدا ، لەنووسین و بەشێکی زۆر لەکارە زانستی یەکانی دا ، بایەخێکی گەورەشی بە گەلی کورد و مێژووی هۆزە کوردیەکان داوە لەوانە:(عشائر العراق ) کە بۆ خۆی ( ٤ ) بەرگەو یەک بەرگی تەواویانی بۆ مێژووی هۆزە کانی کورد، تەرخانکردوە لەهەمانکاتدا و بەشێوازێکی مەیدانی بە زۆربەی زۆری وڵاتی کوردەواریی و ناوچە کورد نشینەکاندا گەڕاوە

، لەبەشـــی عێـــراق ، ئێـــران و تورکیـــادا و دێ بـــەدێ ، مزگـــەوت بـــە مزگـــەوت بـــە دوای ئـــەو دەســـنووس و بەیـــاز و ســـەرچاوانەدا گـــەڕاوە کـــە بۆخۆیـــان و لـــەو هەلومەرجـــەدا بایەخـــی تایبەتـــی مێژووییـــان هەبـــووە ، وەک ئـــەوەی توانیویەتـــی، لەمـــاوەی ئـــەو تاقیـــب کـــردن و ، بـــەدوادا گەڕانەیـــدا بەدەیـــان بەڵگەنامـــە، نامـــەی کەســـایەتی و بەیـــازی گرنـــگ کۆبکاتـــەوە. وێـــڕای ئـــەوە توانیویەتـــی چـــاوی بەدەیـــان گـــەورە پیـــاوی ناســـراو و ، پیـــاوی ئایینـــی و ، ســـەرۆک هـــۆزی ســـاڵانی چلـــەکان و پەنجـــاکان و دواتـــری ســـەدەی بیســـتەمی ڕابـــووردوی کوردســـتان بکەوێـــت . هـــاوکات بشـــتوانێت لـــە ڕێگـــای ئەمانـــەوەو بەرادەیەکـــی زۆر بـــاش زانیـــاری گرنـــگ لەســـەر هـــۆزو تیـــرەو تایەفـــەو بۆچوونـــە ئایینیەکانـــی کوردســـتان و هەروەهـــا دێهـــات و شـــارو شـــارۆچکەکانی کۆبکاتـــەوەو ، کتێـــب ولێکۆڵینـــەوەی ســـەربەخۆیان لەبارەوە بنووســـێت ، کـــە دەکرێـــت لێـــرەدا و لەچوارچێـــوەی ئـــەم نووســـینەماندا، بەکورتـــی ئامـــاژە بەنـــاوی بەشـــێکی گرنـــگ لـــەو کتێـــب و نووســـینانە بکەیـــن کەئـــەو لەکاتـــی خۆیـــدا نووســـیونی لەوانـــە :» مێـــژووی شـــارەزوور ، کاکەیـــەکان لەمێـــژوودا، فەیلیـــەکان ، مێـــژووی هەولێـــر، ئامێـــدی لەمێـــژوودا، مێـــژووی ئێزیدیـــەکان و ڕەســـەنایەتیان، میرنشـــینی بادینـــان لـــە مووســـڵ ، مەولانـــا خالیـــدی نەقشـــبەندی ،

مێـــژووی مەندەلـــی و هۆزەکانـــی کـــورد و.......هتـــد....)
ســـەرەڕای هەمـــوو ئـــەو بەرهـــەم و نووسینانەشـــی کـــە تائێســـتا، بـــە دەسنووســـی و بەچاپنەکـــراوی لـــەدوای خۆی ماونەتـــەوە ، بەڕادەیەکـــی ئەوتـــۆ زۆرێـــک ، لەڕووناکبیران و مێـــژوو ناســـانی عێـــراق و ناوچەکـــە و کـــورد بەبایەخەوە ، جەخـــت لەســـەرئەوە دەکەنـــەوە کـــە کەســـایەتیەکی وەک عەبـــاس عـــەزاوی خاوەنـــی گەورەتریـــن و دەوڵەمەندتریـــن نامەخانـــەی تاکەکەســـی و، تایبـــەت بێـــت لـــە هەمـــوو ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـتدا بەتایبەتـــی لـــە ڕووی بوونـــی «دەســـنووس»ەوە کـــە دوای وەفاتکردنـــی خـــۆی خرانـــە خانـــەی دەسنووســـەکان (دار مخطوطـــات ) و نامەخانـــەی دەوڵەتـــی عێراقـــەوە بڕوانـــە: محمد علـی قـرداغی، شهـــرزور، الســـليمانية، ٢٠٠٠،ص ٨ .

لـــەم بوارەشـــدا، یەکێـــک لـــەو گەشـــت و ســـەردانە مەیدانیانـــەی کـــە کاتـــی خـــۆی عەبـــاس عـــەزاوی کردوویەتـــی، وەک پێدەچێـــت لەســـەرەتای چلەکانـــی ســـەدەی بیســـتەمی رابـــوردودا، بووبێـــت بـــۆ ناوچـــەی گەرمیـــان و، دەوروبـــەری شـــاری کـــەلاری ئەمـــڕۆ . دیـــارە ئەمەشـــیان هـــەر لـــەو دەمانـــەدا بـــووە ، کـــە ســـەرگەرمی دانانـــی ئـــەو کتێبـــە گرنگـــەی بـــووە ، کـــە ســـەبارەت بـــە هۆزەکانـــی عێـــراق داینـــاوە، چونکـــە بەشـــی دووەمـــی ئـــەو کتێبـــەی وەک پێشـــتریش ئامـــاژەم بـــۆ کـــرد کـــە بـــۆ

دوا جار لەسالّی ١٩٤٧ دا چاپ و بلاّوی کردۆتەوە، تەرخانیکردوە بۆمێژووی هۆزەکانی کورد و بنەچە و شوێن و نیشتەجێبون و لقەکانیان ، هاوکات پرۆژەی ئەم نووسین و کارەشی لەکاتێکدا بوە وەک خۆی لەسەر بەرگی کتێبەکەی بۆی تۆمار کردووین :»سەرۆکی لیژنەی وەرگێران و دانان و بلاّو کردنەوە» بووە لەعێراقی سەردەمی پاشایەتیدا ، وەکو وتمان لەو هاتن و سەردانەشیدا کە بۆناوچەی گەرمیان و کەلاری ئێستا یاخود بلێین بۆ ناحیەی شێروانە و پێوازی ئەو کاتەی کردووە، بەراشکاوی بیەوە خۆی باسی لێوە کردووە ، لە هەمان کات وماوەشدا و لە پێواز (باوەنوور ) چاوی بە کەسایەتی ناسراوی گەرمیان حاجی قادری مەحموود ( ١٨٩٩- ١١/٢٥/ ١٩٧٨) ی سەرۆکی تیرەی شاتری، لە هۆزی گەورەی جاف کەوتووە . لەو بارەیەشەوە گەلێک زانیاری و بابەتی ، ورد ودانسقەی لێوەرگرتووە، بەلاّم تائێستا زۆر بەروونی ، نازانرێت کە عەباس عەزاوی لەو سەردانەیدا ، بۆ ماوەی چەند رۆژ ماوەتەوە و ئەو کەسایەتیانەی دی کە چاوی پێ کەوتوون و، زانیاری لێ وەرگرتوون ، بە زۆری کێ و کێی تربوون ، بەلاّم وەکتر من وای بۆدەچم عەزاوی لەو سەردانەیدا جگە لە حاجی قادری مەحموودی شاتری بە هەمان شێوە

چـاوی بــه کەسـایەتی و، ســەرۆک هـۆزی ناســراوی جـاف کەریـم بەگـی فەتـاح بەگـی کـوڕی حەمـە پاشـای جـاف (١٨٨٩- ١٩٤٩) کەوتــوەو، هیـچ بــە دووریشـی نازانـم یەکێـک لــەو ژمــارە یـان (نسـخە) کانـی (تـە ئریخـی جـاف) کـە لەدانـان و نووسـینی کەریـم بەگـی جـاف خـۆی بـووە ، هەرلـەو سـەردانەیدا ، بـۆ ناوچـەی گەرمیــان و کــەلار ، دابێتــی بــە عەبــاس عــەزاوی و پێـش ئـەو هاتنـەی عەزاویـش مەرحـووم کەریـم بـەگ لەنووســینەوەی بووبێتــەوە . چونکــە دواتــر عەبــاس عــەزاوی کــە لەکۆتایــی چلەکانــی ســەدەی بیســتەمی رابــوو ردوودا کتێبەکــەی خــۆی لەســەر هۆزەکانــی: «عێــراق و کوردســتان « ەوە بــڵاو کردۆتــەوەو ، وەک خۆشــی لەلاپــەڕە (٥١) یـدا واتــە ( عشــائر العــراق -٢- الکردیـە) یـدا ئامـاژەی بـەم دەسنووسـە گرنگـەی کەریـم بەگـی جـاف کـردوەو، لــە بـارەی هـۆزی گـەوررەی جـاف و، ناوچـە و لقەکانییـەوە سـوودێکی یەکجـار زۆری لــێ وەرگرتــووە ، هەرچەنــدە دکتــۆر حەســەن جــاف بەخـۆی لـەو لێکۆڵینەوەیـدا کـە لـە پێشـەکی کتێبەکـەی مەرحوومـی باوکیـدا و پێشـتریش کەلـە «گۆڤـاری کـۆڕی زانیـاری عێـرا ق - دەسـتەی کـورد» دا بـڵاوی کردۆتـەوە ، ئامـاژەی بەمـە کـردوە ، بـەڵام لێـرەدا پێـم وابـێ باسـی لـەوە نەکـردووە کـە عەبـاس عـەزاوی کاتـی خـۆی و، لـە

سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەمی ڕابوور دوودا ، هاتۆتە ناوچەی گەرمیان و، لەگەڵ باوکیدا واتە کەریم بەگی جاف و گەلێک کەسایەتی تری ناوچەکەی بینیووەو ، هاوکات لایان ماوەتەوەو ، سوودو زانیاری لێ وەرگرتوون ، چونکە لەکاتی چاوپێکەتنێکمدا ، ڕۆژی هەینی ١/٦ /١٩٩٦، لەگەڵ مەرحووم مستەفا بەگی جاف (١٩٢٥- ١٩٩٧ ) کە بۆخۆی برای دکتۆر حەسەن جاف و کوری گەورەی کەریم بەگە و ، بەتەمەن لەم زۆر گەورەتر و هەروەها کە سایەتیەکی قسەخۆشی ، خۆش مەشرەبی ، خۆندەوار و، هەروەک خۆشی بۆی باسکردم یادداشتێکی دەسنووسی هەیە ، باسی ئەم هاتنەی عەباس عەزاوی بۆناوچەی گەرمیان و کەلار و، بۆلای باوکی بۆ کردم ، جگە لەمانەش ڕەنگبێ لە زۆر مزگەوت و لای زۆر کەسایەتی تر و پیاوی ئایینی ناوچەکەوە بەیاز و دەسنووسی تری چنگ کەوتبێت و، لەکاتی سەردانەکەیدا کۆی کردبنەوە، هەرچەندە تائێستا لەم بوارەدا لەو دەسنووسەی مەرحووم کەریم بەگی جاف زیاتر زانیاری لەسەر هیچ دەسنووس و، بابەتێکی دی لەم بارەیەوە، لەبەر دەستدا نییە، خۆئەگەر هەشبێت ئەوا پێویستی بەتاقیبکردن و بەدوادا چوون هەیە . بۆئەوەی لەئایندەدا بدۆزرێنەوە و بۆ کاری زانستی سوودیان لێ وەربگیردرێت.

# تیۆرە کلاسیکییەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی

### یەکەم : تیۆری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی

ئـەم تیـورە پێـی وایـە گۆڕانـی کۆمەڵایەتـی لەسـەر هێڵێکـە بۆپێشـەوە دەڕوات.واتـە پرۆسـەی گـۆڕان لـە کۆمەڵگـادا بـە ئاراسـتەی سـەرەوە دەڕوات، وە کۆمەڵگـاکان لەپێشـکەوتنێکی بەردەوامدان.ئەوزانایانـەی کەنوێنەرایەتـی ئـەم تیـورە دەکـەن (جـان جـاک ڕۆسـۆ، کندرسـە، ئۆگەسـت کۆنـت).

-تیـوری پەیمانـی کۆمەڵایەتـی جـان جـاک ڕۆسـۆ (١٧١٢-١٧٧٨)

ئـەم تیـوری پێشـکەوتنی کۆمەڵایەتـی یـە، لـە کتێبـە

بەناوبانگەکــەی ڕۆســۆدا هاتــووە بەنــاوی (پەیمانــی کۆمەڵایەتــی) لــەم کتێبــەدا ژیانــی مرۆڤایەتــی بەچەنــد قۆناغێکــی پەرەســەندندا تــێ پەڕیــوە:

١-قۆناغــی ژیانــی سروشــتی، کەتیایدامــل کــەچ بوونــی مرۆڤــە بــۆ سیســتەمی سروشــت.

٢-قۆناغــی موڵکدارێتــی تاکەکــەس، بەرهەمــە دەســتیەکان لەبــواری کشــتوکاڵدا وای لەمــرۆڤ کــرد لــە شــوێنێک جێگیــر ببێــت وخێــزان پێکــەوە بنێــت.

٣-قۆناغــی نەبوونــی یەکســانی، لــەم قۆناغــەدا کێبڕکــێ وململانــێ لەنێــوان تاکــەکان و کۆمەڵــەکان زیــادی کــرد، و دەســەڵات بــۆ کەســە خــاوەن بەهێــزەکان بــوو.

٤-قۆناغــی پەیمــان بەســتن، لــەم قۆناغــەدا پەیمــان دەبــە ســترێت لەنێــوان تاکەکانــدا بــۆ دروســت کردنــی سیســتەمێکی سیاســی ڕێکخــراو، هەڵبژاردنــی ســەرۆکێک یــان فەرمانڕەوایــەک بەویســتی گــەل فەرمانــڕەوای بــکات.

چەند ڕەخنەیەک ئاراستەی ئەم تیورەی ڕۆسۆکرا:

ئەوانــەی ڕەخنەیــان ئاراســتەی ئــەم تیۆرەکــرد، پێــان وابــوو، تیورەکــەی ڕۆســۆ خەیاڵییەو دوورە لەڕاســتییەوە وپێویســتی بەپاڵپشــتێکی مێــژووی هەیە.تیــوری پەیمــان بەســتن بڕواپــێ نەکــراوە، لەبــەر ئــەوەی مەحاڵــە تاکەکان هەموویــان یــەک دەنــگ بــن لەهەڵبژاردنــی ســەرۆکێک. ئــەم تیــورە هــەر بەخەیاڵــی دەمێنێتــەوە. بــەڵام تیورەکــەی

رۆسۆ بیرمەندانی دوای خۆی ئاگادارکردەوە لە بیرۆکەی پێشکەوتن، هەروەها رۆڵێکی گرنگی هەبوو لەچەسپاندنی بیرۆکەی (دیموکراسی نوێ)

### دووەم: تیۆرەکەی ئۆگەست کۆنت (١٧٧٩-١٨٥٧)

(ئۆگەست کۆنت) هەولیدا بۆباشترکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و، توانی زانستی کۆمەڵناسی دابمەزرێنێت، بۆ دووبارە رێکخستنەوەی کۆمەڵگا، چونکە لەو سەردەمەدا یاسا و سیستەمەکان تێکچوو بوو، بەومانایەی کۆمەڵگا هەڵوەشێنرابویەوە، لێرەدا(ئۆگەست کۆنت) بیری لە دامەزراندنی زانستێک کردەوە، کە لە سەرەتادا ناوی نابوو(فیزیای کۆمەڵایەتی)، بەڵام دواتر گۆری بۆ (کۆمەڵناسی) هەموو ژیانی خۆی بۆ تەرخانکرد و، لەو بروایەدا بوو دەتوانرێت کۆمەڵگای فەرەنسی پێ چاک بکرێت، ئەویش لەسەر بنەمای سیستەمێک یان یاسایەک کە دەتوانێت کۆمەڵگا رابگرێت.

(ئۆگەست کۆنت) لەرێگای توێژینەوەی بۆ گۆرانی کۆمەڵایەتی و بونیادی کۆمەڵایەتی گەیشتە یاسای سێ قۆناغەکە یان سێ قۆناغە ژیرییەکە، لەو بروایەدایە بوو ئادەمیزاد بە(سێ) قۆناغدا تێ پەریوە تاکو گەیشتۆتە قۆناغی(زانستی) کە سێیەم قۆناغ و

کوتـا قۆناغـه لای (ئۆگەسـت کۆنـت).وه گەیشـته تیـوری پێشـکەوتنی کۆمەڵایەتـی هێلی.یاسـای سـێ قۆناغەکـه یـش بریتیـن لـه:

١-قۆناغـی ئاینـی (لاهوتـی)، (الثیولوجیـة) لـەم قۆناغـەدا دیـاردە جیـاوازەکان بـه هـۆکاری سـەرەتای راڤـه دەکـرا، شـتەکان لـه غەیبیاتـەوه ڕوودەدات و مـرۆڤ دەسـتی تێـدا نییـه.

٢-قۆناغـی فەلسـەفی(المیتافیزیکیه)، سـاڵانی (١٣٠٠-١٨٠٠)دادەنرێـت بە(سـەردەمی شۆڕشـی ڕۆژئاوایـی یـەکان) و بیرکردنـەوەی مرۆڤـەکان و بۆچوونەکانیـان کەمتـر دیـاری دەکـرا، وه هـۆکاره سـەرەتایی یـەکان بـه هـۆکاری گشـتی دەگـۆڕان، ئەوانـەش خـودی میتافیزیکـی یه(سـەروی هەسـتی مـرۆڤ)ه. مرۆڤـەکان لـەم قۆناغـەدا دەسـتیانکرد بـه بەکارهێنانـی زاراوەی فەلسـەفی وەکـو هێـز و دادپـەروەری و هتـد....

٣-قۆناغـی زانسـتی (الوضعیـة) لـه (١٨٠٠) دەسـتی پێکـردووه و بـەردەوام دەبێـت تاوەکـو کۆتـا ژیانـی مرۆڤایەتی.لـەم قۆناغـەدا دیـاردەکان بەهۆکارێـک شـی دەکرێنـەوه کـه لەسـەر پرۆگرامێکی زانسـتی بونیادنراوه. لـەم قۆناغـەدا مرۆڤـەکان هەوڵـدەدەن گریمانـه دابنێـن بـۆ شـیکردنەوەی دیـاردەکان، لەرێگـای زانسـتەکانەوه.

تیـوری پێشـکەوتنی کۆمەڵایەتـی (کۆنـت) وای بۆدەچێـت

لەپێشـــکەوتنی بـــەرەو ســـەر کەمـــرۆڤ پیایـــدا تێپەڕیـــوە لەدووخاڵـــدا دەردەکەوێـــت.

١-پێشـــکەوتنی بەرەو ســـەر بۆلایەنی کۆمەڵایەتی:هەمیشـــە لەبـــاش بوونێکـــی بەردەوامدایـــە، بەهـــۆی ئـــەو یاســـایانەی کـــە بـــۆ دیـــاردە کۆمەڵایەتـــی یـــەکان دانراوە.بۆپێـــش بینـــی کـــردن و بەڕێـــوە چوونـــی دیـــاردەکان، دەبێتـــە هۆکارێـــک بـــۆ ڕێگیـــری کردنـــی لـــەلادان، ئەمەیـــش لەڕێگـــای کۆنترۆڵکردنـــی و ئاراســـتە کردنـــی بەشـــێوەیەکی گونجـــاو.

٢-پێشـــکەوتنی بەرەوســـەرەوە لـــە سروشـــتی مرۆڤایەتـــی، ئەمـــە لەچەنـــد لایەنێکـــدا ڕوویـــداوە، وەک سروشـــتی وئەقڵـــی وڕەوشـــت.

## تیۆرەکانی بازنەی کۆمەڵایەتی

تیورەکانـــی بازنەیـــی کۆمەڵایەتـــی پێکهاتـــووە لەچەنـــد تیورێـــک، کـــە بـــە ڕەشـــبینیەوە دەڕواننـــە داهاتـــووی گۆڕانـــە کۆمەڵایەتییەکان.تیـــوری بازنەیـــی لـــەو بڕوایەدایـــە پرۆســـەی گۆڕانـــی ژیانـــی کۆمەڵایەتـــی بەشـــێوەیەکی بازنەیـــی دەڕوات بەڕێوە.واتـــە کۆتایـــی پێدێت لەوجێگایـــەی کـــە دەســـتی پێکـــردووە، ئـــەم جووڵـــە بازنەییـــە بەگەشـــەکردنی زیندەوەرێـــک چوێنراوە.واتـــە پرۆســـەی گـــۆڕان بـــەرز و نزمـــی دەکات، بـــە شـــێوەیەک لـــە ســـوڕانەوەیەکی بەردەوامدایـــەو لەخاڵێکـــی دیـــاری

کــراوەو دەســت پێــدەکات و، کۆمەڵگادەبــات بــەرەو خاڵێکــی لێکچــوو، لەوخاڵــەی کەدەســتی پێکــردووە.

**یەکەم:تیوری بازنەیی گشتی (ئیبن خەلدون)** (١٣٣٢-١٤٠٦)

ئــەم تیــورە وای بۆدەچێــت کــە رۆشــنبیری هەرکۆمەڵگایــەک بەبازنەیەکــدا تــێ پەڕدەبێــت، کــە بــە لەدایــک بــوون دەســت پێــدەکات و بەرەوپێگەیشــتن دەچێت، پاشــان بەرەوپیــری دەڕوات، دیســانەوە هەنگــاو دەنێــت بــەرەو پێگەیشــتن و دووبــارە بونیــاد نانــەوە. (ئیبــن خەلــدون) هەوڵــی دەدا لەرێگــای توێژینــەوە و بــەدوادا چــوون شــیکردنەوە بــۆ کۆمەڵگــا بــکات، هــەر لــە ســەرەتای دروســت بوونیــەوە هەتاوەکــو لەناوچوونــی. لــەو بڕوایەدابــوو مێــژووی مرۆڤایەتــی بــە پێــی پلانێکــی دیــاری کــراو دەڕوات بەرێــوە و، ڕووداوەکانــی مێــژوو پەیوەســتن بەیەکــەوە، وە کۆمەڵگــای مرۆڤایەتــی وەکــو ژیانــی مرۆڤێــک وایــە بەچەنــد قۆناغێــک تێپــەڕ دەبێــت، هــەر لەدایــک بوونــەوە تاوەکــو مردنــی، ئــەم قۆناغانەیــش بەســەر وەڵاتانــدا دێــت وروودەدات.

دروســت بــوون وگەشــە کردنــی کۆمەڵگــا بــە گۆڕانێکــی بازنەیــی دەســت پێدەکات و، کۆتایــی پێدێت لــەو خاڵــەی کەدەســتی پێکــرد، ئــەم دیاردەیــە لــەدەرەوەی ویســتی مرۆڤدایە.(ئیبــن خەلــدون) دەڵێت:سیســتەمەکان ودیــاردە

شارستانیەتەکان لەکاتی پەرەسەندنیاندا گۆرانێک دێت بەسەریاندا، بۆیە (ئیبن خەلدون) گرنگیەکی زۆری دەدا بەلایەنی پەرەسەندنی کۆمەڵگا و، گەران بەدوای ئەو هۆکارانەی کە کار دەکاتە سەر پەرە سەندنی کۆمەڵگا.

(ئیبن خەلدون) لەرێگای توێژینەوەی بۆ کۆمەڵگا، گەیشت بە یاسای (سێ) قۆناغەکە ئەوانیش:

١-قۆناغی دروست بوون و پەیدابوون.لەم قۆناغەدا کلیلی کارەکان بەدەست دامەزرێنەرانەوەیەو، ئەوان دەسەڵات بەرێوەی دەبەن.

٢-قۆناغی پێگەیشتن و کامڵ بوون.لەم قۆناغەدا کارپێ سپێردراوان کلیلی کارەکانیان بەدەستەو کۆمەڵگا بەرێوە دەبەن.

٣-قۆنای پیری و لەناوچوون.لەم قۆناغەدا کەسانی تێکدەر کارەکان دەبەن بەرێوە.واتە ئەوکەسانە دەسەڵات دەگرنە دەست کەشیاوی ئەوکارە نین. وەتەمەنی هەرقۆناغێکی بە (٤٠) ساڵ دیاری کردووە، کەواتە تەمەنی هەر دەسەڵاتێک بریتییە لە (١٢٠) ساڵ، لەدوای لەناو چوونی ئەو دەسەڵاتە، سەر لەنوێ کۆمەڵگایەک و دەسەڵاتێکی دیکە بونیاد دەنرێت و دروست دەبێت، لەسەر بنەمای کۆمەڵگایەکی داروخاو لە رووی ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی

و هتید... لەڕێگای ئەم (سێ) نەوەیەوە کۆمەڵگا بە(٥) قۆناغ تێدەپەڕێ:

١-قۆناغی دەشتەکی یان کۆچەری

٢-قۆناغی خاوەنداریێتی

٣-قۆناغی خۆشگوزەرانی و ڕابواردن

٤-قۆناغی لاوازی و بێ دەسەڵاتی

٥-قۆناغی لەناوچوون.

تایبەتمەندی هەموو قۆناغێکی ڕاڤە کردووە، بۆی دەرکەوت کە (دەماگیری )پاڵپشتی کۆمەڵگای خێڵەکییە، وە ئەو هۆکارانەی کە کار لە پەرەسەندنی خێڵە کی دەکەن ئەمانەن: ١-دەمار گیری ٢-بەها بەنرخەکان ٣-بانگەوازی ئاینی.

بەڵام سەیری کۆمەلگا شارستانییەکانی کرد و بۆی دەرکەوت ئەو کۆمەڵگایانە لەڕێگای ڕیکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و تاکرەی لەفەرمانرەوایدا دەکەن بە قۆناغی پێگەیشتن و کامڵ بوون.باسی ئەو هۆکارانەی کردووە دەبێتە هۆی لەناوچوونی کۆمەڵگا ئەوانەیش:هۆکاری داروخانی ئابوری ، لاوازبوونی ئایین لەژیانی خەڵکدا.گەیشت بەویاسایەیی کەدەڵێت (ئەگەر هەرەمی دەسەڵات دابەزی و بەرەو خوارەوە ڕۆیشت لەوەڵاتێکدا ئەوا بەرز نابێتەوە) باسی هەندێک هۆکاری کردووە کەیارمەتی دەرن بۆ پێشکەوتنێکی

خێرا لە کۆمەڵگا ئەوانیش:١-ژینگە ٢-چڕی دانیشتوان ٣-داد پەروەری لە وەڵات.(ئیبن خەلدون) ئاماژەی بە خاڵێک داوە ئەویش ئەوەیە کە شارستانیەت هەندێک جار لایەنی خراپی هەیە، جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە شارستانییەکان دوا قۆناغی گەشەکردنی مرۆڤە.لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوەکە(ئیبن خەلدون) خاوەن تیورێکی ڕەسەنە لە زانستی کۆمەڵناسیدا، سەرەڕانی بوونی چەند ڕەخنەیەک لە تیورەکەی، بەڵام نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت کە(ئیبن خەلدون) بنەمایەکی هزری باشی دانا بۆ زانستی کۆمەڵناسی، کە ماوەیەکی زۆر هەر بەشاراوەی مایەوە تاکو سەدەی (١٩).بۆیە دەتوانین بڵێن (ئیبن خەلدون) یەکەم کەس بوو کە توێژینەوەیەکی مەعریفی ئەنجامدا، بە شێوەیەک مێژو و کۆمەڵناسی پێکەوە بەستەوە، زۆر مەعریفیانە توانیویەتی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی و مێژویی پێکەوە کۆبکاتەوە ومەعریفە و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی پێکەوە گرێداوە.

**دووەم:تیوری بازنەیی بەشی** (**شپنگلر**، **١٨٥٦-١٩٣٩**)

تیورێکی ڕەشبینە، گرنگی دەدات بەشیکردنەوەی بەشێک لە دیاردە کۆمەڵایەتیەکان کەدیاری کراون لە کۆمەڵگا.بۆسەلماندنی بازنەیی بوونی ئەم تیورە

ئەوەیــە کــە، لــەو خاڵــە کۆتایــی پێدێــت کەدەســتی پێکردووە.وەکــو ســەرەتای خاوەنداریێتــی زەوییــە کشــتوکاڵی کان کــە بــۆ خێــڵ وهــۆزەکان بــوون، پاشــان خاوەنداریێتییەکــە گواســترایەوە بۆدەســتی دەوڵــەت، هــەر لــە زەوییــە کشــتوکاڵی یەکانــەوە تاوەکــو پرۆژەکانــی بەرهەمهێنــان.

زانــای ئەڵمانی(شــپنگلر) کــە پەیــڕەی ئەم تیورەیــە، گرنگی دەدات بــە دروســت بوونــی ڕۆشــنبیری و جۆرەکانــی و پەرەســەندنی لــە کۆمەڵگــا، تیورەکــەی گۆڕانێکــی بازنەیــی بەشــی یــە، بونیــاد نــراوە لەســەر ئــەوەی کــە ڕۆشــنبیری تایبەتمەنــدی کۆمەڵگاکانە.واتــە هەمــوو کۆمەڵگایــەک ڕۆشــنبیری یەکــی تایبەتــی خــۆی هەیــە، کــە جیایــان دەکاتــەوە لــە کۆمەڵگاکانــی تر.کەواتــە پرۆســەی گــۆڕان لــە کۆمەڵگاکانــدا یــەک جــۆر نییــە، بەڵکــو هەمــوو کۆمەڵگایــەک شــێوازی تایبەتــی خــۆی هەیــە کــە بەپێــی ئاســتی ڕۆشنبیریەکەیەتی.پەرەســەندنی ڕۆشــنبیری بــە قۆناغەکانــی تەمــەن دەچوێنێــت، هەندێــک جاریــش بــە وەرزەکانــی ســاڵ. (شــپنگلر) جــۆری ڕۆشــنبیرییەکانی دابەشــکردووە و گرنگــی بــە دەســت نیشــانکردنی تەمەنــی جــۆری ڕۆشــنبیرییەکان کــردووە و، دابەشــی کــرد بــۆ(٨) جــۆری ســەرەکی:١-میســری ٢-وەڵاتــی نێــوان دوو ڕووبــار ٣-هنــدی ٤-چیــن ٥-کلاســیکییە ٦-عەرەبــی یــان

مەجوسـی ٧-ڕۆشـنبیری مایـا ٨-ڕۆشـنبیری ڕۆژ ئـاوا (فاوسـتیە).هەموو شارسـتانیەتێکی گـەورە تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـە، بـەڵام هەموویـان یـەک دەگرنـەوە لـە ڕووی مێـژووی پەرەسـەندنیان، وە هەموویـان بـەرەو پیـری لەنـاو چـوون دەڕۆن، پێـی وایـە تەمەنـی هەمـوو ڕۆشـنبیرییەک دەگاتـە(١٠٠٠) سـاڵ.لێرەوە دەتوانیـن لـە نهێنـی ناونیشـانی کتێبەکـەی بزانیـن بەنـاوی (لەنـاو چوونـی ڕۆژئـاوا) کـە چ کاریگەرییەکـی هەبـوو لـە سـەر وروژاندنـی هەسـت وسـۆز و هەڵچوونـی گەلانـی ڕۆژئـاوا، لـەو بڕوایـەدا بـوو کـە ڕۆشـنبیری ڕۆژئـاوا لـە سـاڵی (٩٠٠) ز دەسـتی پێکـردووە، و لـە سـاڵی (١٩٠٠) کۆتایـی پێدێـت.

لـەو ڕەخنانـەی کـەڕوو بـەڕووی تیورەکـەی بویـەوە بریتـی بـوو لـە حەتمییەتـی لەناوچوونـی شارسـتانیەتەکان، لەکاتێکـدا بیرۆکـەی لەنـاو چـوون واقعـی نیـە، لەبـەر ئـەوەی شارسـتانیەتەکان لەنـاو ناچێـت بەڵکـو گۆڕانـی بەسـەردا دێـت، بەهـۆی داهێنـان و کەڵەکەبوونـی ڕۆشـنبیرییەوە.هەروەها پرۆسـەی پێشـکەوتنی شارسـتانیەت چواندنـی بـە پەرەسـەندنی زینـدەوەران ئاسـانکارییەکی زیاتـرە بـۆ تێگەیشـتن لەبیرۆکـەی پێشکەوتن.شارسـتانیەتەکان بەچەنـد هۆکارێکـی ناوخـۆی دەرەکـی توشـی لەناوچـوون دەبـن،

بەپێچەوانــەی (شــپنگلر) کەپێــی وایــە تەنهــا هــۆکاری ناوخــۆی هــۆکارە بۆلــە ناوچوونــی شارســتانیەتەکان.

**سێیەم:تیوری بازنەیی لولپێچی** (**فیگۆ**، ١٦٦٧-١٧٤٤)

زانــای ئیتاڵــی (فیگــۆ) لایەنگیــری ئــەم تیورەیــە، لــەو بڕوایەدابــوو پێشــکەوتنی کۆمەڵایەتــی بەشــێوەیەکی بازنەیــی لەچوارچێــوەی لولپێچــی دەڕوات، پێشــکەوتنەکان بــەرەو ئاراســتەیەکی بــەرز نــاڕوات، بەڵکــو بــە بەردەوامــی دووبــارە دەبێتــەوە، لەســێ خولــدا کەلــە یــەک ئاســتدا نین.وەپێــی وایــە بــەرز بوونەوەیەکــی پلەبەنــدی هەیــە بــۆ ڕۆشــنبیری مرۆڤایەتی.واتــە کۆمەڵگــای مرۆڤایەتــی هەڵدەگەڕێتــەوە بــۆ حاڵەتــی یەکــەم، بــەڵام بەشــێوەیەکی جیا.(فیگــۆ) گرنگــی دەدا بــە توێژینــەوە لــە بــواری پێگەیشــتنی زمــان، لەبــەر ئــەوەی زمــان گرنگــی یەکــی زۆری هەیــە لــە دەرخســتنی ئــەو پەرەســەندن و سیســتەمەی کەبەســەر دامــەزراوە کۆمەڵایەتییەکانــدا دێت.(فیگــۆ) لەکتێبــە کەیــدا بەنــاوی (بنەماکانــی زانســتی نــوێ) کــە تیایــدا بــاس لــە مێــژووی پەرەســەندنی کۆمەڵگــای مرۆڤایەتــی کــردووە و، کۆمەڵگــای دابەشــکردووە بــۆ ســەر (ســێ) قۆناغــی یــەک لــەدوای یــەک ئەوانیــش:

١-قۆناغــی ئاییــن، ژیانــی کۆمەڵگــا لــەم قۆناغــەدا لــە

هەمــوو  بوارەکانداپشــت دەبەســتێت بــە ڕێســاو پێــوەرە ئایینــی یــەکان لــە  بــوارە جیاوازەکانــدا.
٢-قۆناغــی  پاڵەوانێتــی، لــەم قۆناغــەدا شــکۆمەندی شــەرەف و خۆخســتنە نــاو کێشــە و دەرکەوتنــی چینــی ئەرســـتۆکراتی، وە بەهێــزی حــەق.
٣-قۆناغــی مرۆڤایەتــی، ئــەوەی ئــەم قۆناغــە جیادەکاتەوە لــە قۆناغەکانــی تــر هەبوونی ئازادی سیاســی و یەکســانی و بەرپابوونــی مافەمەدەنیــەکان و،  بــڵاو بوونــەوەی سیســـتەمە دیموکراســیەکانە.

## سێیەم:تیورەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی

بیرۆکــەی پەرەســەندن بــە گرنگتریــن و گەورەتریــن ڕووداو دادەنرێــت، بەتایبەتــی لــە نیــوەی دووەمــی ســەدەی (١٩) دا، کەزاڵبــوو بەســەر بیــری مرۆڤایەتیــدا. کتێبەکــەی داروین بەنــاوی (ڕەچەڵەکــی جۆرەکان) کە لە ســاڵی (١٨٥٩) دا بــڵاوی کــردەوە، گەورەتریــن کاریگــەری هەبــوو لــە ســەر دروســت بوونــی تیــۆری پەرەســەندن لــە هــزری کۆمەڵناســیدا.لە بەناوبانگتریــن پەیرەوانــی تیــوری پەرەســەندنە لــە زانســتی کۆمەڵناســیدا، زانــای ئینگلیــزی (هربــرت سبنســەرە) کــە بــە کۆڵەکــەی بزووتنــەوەی زانســتی کۆمەڵایەتــی دادەنرێت لە ســەدەی (١٩) دا.لێکچوونێکــی گــەورە هەیــە لەنێــوان تیــورە

کۆمەڵایەتیەکـــەی (سسبنســـەر) وتیـــورە بایلۆجیەکـــەی (داروێـــن) کـــە پەرەســـەندنی کۆمەڵگـــای چوانـــدووە بـــە پەرەســـەندنی زینـــدەوەران.

**-تیورەکەی هربرت سبنسەر**.(١٨٢٠-١٩٠٣)

وای دەبینـــێ کـــە هەمـــوو کردارێـــک بـــە پێـــی یاســـای (پەیوەندییەکـــی ڕێـــژەی) دەڕوات بەڕێـــوە، لەبـــەر ئـــەوە لێکچوونێـــک هەیـــە لـــە ڕووی گەشـــەکردنەوە لـــە نێـــوان کۆمەڵگـــاو زینـــدەوەران لـــە چەنـــد لایەنێکدا.سبنســـەر لـــەو بڕوایەدابـــوو پەرەســـەندن پلـــە بـــە پلـــە بـــە شـــێوەیەکی گشـــتی بـــەرەو قۆناغـــی لێکچـــوون دەڕوات تاکـــو قۆناغـــی نالێکچـــوون، وەلێـــرەوە دەگـــات بـــە قۆناغێکـــی تەواو(integration).پەرەســـەندنی کۆمەڵگـــا شـــتێکی حەتمیـــەو دەبێـــت ڕووبـــدات، ئەمەیـــش بەهـــۆی چەنـــد هۆکارێکـــی سروشـــتی و دەرونییـــەوە، کـــە کاردەکـــەن بەشـــێوەیەکی تـــەواوکاری لـــە پرۆســـەی پەرەســـەندندا، سبنســـەر بەمـــە دەڵێـــت (پەرەســـەندنی ســـەرووی ئەندامی) هیـــچ پەرەســـەندێک بـــەردەوام نییـــە، بەڵکـــو کۆتایـــی یەکـــەی لەناوچوونە.ئەمـــە ئەوەمـــان بـــۆ ڕوون دەکاتـــەوە کـــە تیورەکـــەی سبنســـەر ســـەبارەت بـــە پەرەســـەندن تیۆرێکـــی ڕەشـــبینە.چەندین ڕەخنـــە ڕووبـــە ڕووی سبنســـەر بوویـــەوە، بـــەڵام لەگـــەڵ ئەوەیشـــدا بیرۆکەکانـــی

ڕەواجێکـی گەورەیـان هەبـوو لـە ژیانیـداو ، کاریگـەری هەبـوو لەسـەر ئاراسـتەکردنی تیـورە کۆمەڵایەتیـەکان. لێکچوونێکـی گـەورە هەیـە لەنێـوان ئـەو فیکرەیەیـی کـە سبنسـەر هەیبـوو، وە لەگـەڵ ئـەو تیـورەی کـە (ئیبـن خەلـدون) بانگـەوازی بۆدەکـرد.

**سەرچاوە:**
www.marefa.org

SELF

# هەنگاوێك بەرەو هۆشیاریی دەروونیی تاك

## پێشبینی کردن (ڕێگایە بەرەو واقیع)


سەیران محمد رەشید محمود

فاکەڵتی پەروەردە/ زانکۆی گەرمیان


ئێمە ئێستا بیروبۆچونمان ئامادەدەکەین، سبەینێ بەرهەمی ئەو بیروبۆچونەمان وەردەگرین، هەندێ خەڵک هەن لەبیرکردنەوەداو لەهەموو شتێکی باش‌و سەرکەوتن‌و خراپ‌و ئازاربەخشدا شارەزاو لێزانن، هەر بۆیە پێویستە تاک هەمیشە پێشبینی باش بکات، چونکە ئێمە بەرهەمی پێشبینییەکانی رابردوومانین، کە لەژیانی ڕۆژانەماندا رەنگی داوەتەوە، مرۆڤ ڕووبەڕووی هەر شتێک ببێتەوە، بەدڵنیاییەوە ڕۆژێک لەڕۆژان بیری لەو ڕووداوە کردوەتەوەو

هەروەها پێشبینی کردوە، هەروەک نوسەری ئەڵمانی دەڵێت (چی ڕوودەدات، ئەگەر ئاسمانیش بەسەرماندا بڕوخێت). ئەوەی گرنگە کە تاک بتوانێت ناوەوەی (دەروونی) پڕبکات لە وزەو حەمماسو شارەزایی زۆری هەبێت، هەموو ئەمانە لەشوێنی جێبەجێکردندا دابنێتو عەقڵو کردەوەشی لەگەڵدا بێت، بەڵام ئەگەر پێشبینی سەرکەوتن نەکەیت، ئەوا هەرگیز سەرکەوتوو نابیتو شکست دەهێنیت، چونکە کەسانی سەرکەوتوو لەژیاندا تەنها یەک شت کۆیان دەکاتەوە، ئەوەیش باشترین چاودێری کردنی ئەو شتانەیە کە لەژیاندا هەیە، هەرچەندە هەر ڕووداوێک بەسەریاندا ڕووبداتو بکەونە تەنگەژەوە، ئەوان زیاتر پێشبینی سەرکەوتن دەکەن، پێشبینی وەک ئەو ئوتومبێلە وایە، کە سواری دەبیتو دەتبات بۆ ئەو شوێنەی کە خۆت مەبەستە بۆی بڕۆیت، هەر لەم بارەیەوە کۆنفۆشیوس (ئەوەی ئەمڕۆ تۆی تیا دەژیت، بەرهەمی هەموو بیرو بۆچوونەکانی خۆتە)، ئەو شتانەی کە بەدڵنیاییەکی تەواوەوە پێشبینی دەکەیت، ئەوە زۆرجار بەفیعلی لەژیانتدا ڕوودەدات، هەروەک لەزانستی میتافیزیک (ئەودیوی سروشت) دەوترێت (عەقڵ وەک موگناتیس وایە، هەڵوێستو بارودۆخو خەڵک بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت)، ئەو شتەی وا لەمرۆڤ دەکات، کە

پێشکەوتوو تر بێت لەڕووەکو ئاژەڵ، بیرکردنەوەیەتی، واتە سەربەستی بیرکردنەوەی مرۆڤ وا لەمرۆڤ ئەکات، بیرکردنەوەکانی بێسنوور بێت، ئەمەش رەنگدانەوەیەکی پۆزەتیڤی دەبێت لەسەر پێشبینییەکانی تاک لەهەموو لایەنەکانی ژیاندا، بیرکردنەوەو پێشبینی کردن‌و کردەوە بەیەکەوە بەستراون، بیرکردنەوە بەشێوازێکی پۆزەتیڤ کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر پێشبینی کردن دەبێت‌و ئەنجامدانی کردەوەش رەنگدانەوەی لەسەر کەسایەتی تاک دەبێت، بەڵام ئەگەر بەشێوازێکی نەگەتیڤ بیرمان کردەوە، ئەوە پێشبینی نەگەتیڤ دەکەین‌و کردەوەی نێگەتیڤ بۆ لای خۆی پەلکێشمان دەکات، زۆر جار ئەو شتانەی کە پێشبینی دەکەین، بەدەستی دەهێنین، وەک ئەوەی دکتۆری بەناوبانگی مێشک (دیفیو کومین) پێشبینی کرد، کە بەنەخۆشی شێرپەنجەی مێشک بمرێت، جێی باسە بەهەمان نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. هەر بۆیە پێویستە تاکەکان بەشێوازێکی باش‌و پۆزەتیڤ پێشبینی بکەن، هەر چەندە لەبارودۆخێکی ناخۆش‌و نائارامدا بن، ئەمەش کاریگەریی دەبێت لەسەر باری دەروونی تاک‌و ناخۆشی‌و نائارامییەکی دەگۆڕێت بۆ هێمنی‌و خۆشی، بۆیە پێویستە تاک هۆشیاری دەروونی هەبێت، کە لایەنی دەروونی رەنگدانەوەی

ڕاستەوخۆی لەسەر باری جەستەیی هەبێتو گرنگی دان بەباری دەروونی دوورمان دەخاتەوە لەزۆربەی نەخۆشییەکانی سەردەم، جا نەخۆشی دەروونی یا جەستەیی بن، کاتێک پرسیار لەتاک دەکەین یان دەڵێین فلاَن شت دەزانی یان دەتوانی فلاَن شتمان بۆ بکەیت، بێئەوەی ئەو شتەی تاقی کردبێتەوە، خێرا دەڵێ نازانم، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر تواناو ئاستی بیرکردنەوەی دەبێت، بەم شێوەیەش سەرکەوتوو نابێت، چونکە وشەی نایزانی ڕاستەوخۆ بەمێشک دەڵێ نایزانی، مێشک فەرمان بەهەموو بەشەکانی دەکات، کە نایزانێ، هەر بۆیە زۆرجار ئەو کەسانە شکست دەهێنن. واتە هۆشیاری دەروونی بۆ تاک زۆر پێویستە، با هەوڵبدەین خۆمان لەوشەی نازانم دوور بخەینەوەو شتەکان تاقی بکەینەوە، پێش ئەوەی بڕیاری لەسەر بدەین، هەروەها پێناسەکردنی تاک لەلایەن خودی خۆی زۆر گرنگەو ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسایەتی دەبێت، هەوڵدان بۆ دورکەوتنەوە لە(هەستی خۆ بەکەم زانین، ترس لەشکست، ڕەشبینی، ....) جێی ئاماژەیە بۆ تاکو ئەو باوەڕەیە کە سەرکردایەتی تاک دەکات بۆ سەرکەوتن، باشتر وایە، کە تاک پێشبینی پۆزەتیڤ بکاتو لەسەر کاغەزیش بینووسێت، بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەی لەسەر

بــاری دەرونــی تــاک هەبێــتو خــۆ دەوڵەمەندکــردن بەبیرکردنــەوەی دەوڵەمەنــدو پۆزەتیــڤ، بۆئــەوەی پێشــبینی بــاشو پۆزەتیــڤ بکەیــنو دوربکەوینــەوە لەبەکارهێنانــی وتــەی نەشــیاو لەپێشــبینییەکانمانداو خســتنەڕوی شــتە باشــەکانمان.

# میدیای نوێ و

## گرنگی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان لەمیدیادا

**سمکۆ سابیر**

چەمکی میدیا

بەگشتی دەستەواژەی میدیا (media) بەمانای هۆکارێک یا گواستنەوەوگەیاندن دێت بنەچەی وشەکەش لاتینی یە کەلەسەرەتای هاتنەکایەی هۆکارەکانی ئاڵوگۆڕی زانیاری وبڵاوکردنەوەی هەواڵ لەچوارچێوەیەکی بەرفراوان بەو چەشنە پێی دەگوترێت میدیا . بەپێی بۆچونێکیش (١)* دەرکەوتنی مێژووی ئەو چەمکە بۆدەقەکانی پادشای ئاشوری بۆسەردەمی (shalamaneser) ساڵی ٨٢٤-٨٥٨ دەگەڕێتەوە .کەئەو پادشایە ئاماژەی بەوناوەکردووە . میدیا بەپێی تێپەڕبونی کات وزەمەن وەرچەرخانە کۆمەڵایەتیەکان فۆرموشێوەی دەگۆڕێت ولەهەموئاراستەیەکدا نوێ دەبێتەوە . زمانیش یەکێکە

لـــەو دەرکەوتـــە تازانەیـــە لەمیدیـــا لەگـــەڵ دەرکەوتنـــی چەمکەکـــە تاوەکـــو ئێســـتا پرســـێکی ســـەرەکییە بۆگۆڕانـــکاری هەمیشـــەیی بەدرێژایـــی ســـەدەکان ،(٢)* کـــە زۆرتریـــن کاریگـــەری دروســـتکردووە وبەکۆمەڵێـــک راســـتی ســـەرمام دەبێـــت . لەگـــەڵ دەرکەوتنـــی چیـــن ، کۆمەڵگـــە ، پێشـــکەوتنی زانســـتی وبارودۆخـــە سیاســـییەکان،بەلام ســـەرباری ئـــەو گۆڕانکاریـــەش کەئاماژەمـــان پێکـــردووە ، بەتایبەتیـــش زمانـــی ئەنتەرنێـت راگەیاندنێکـــی کارابـــووە وکاریگـــەری زۆرتـــری بەســـەر زمانـــدا بەرجەســـتە کـــردووە .

راگەیانـــدن ئـــەو پرۆســـە رۆژنامەنوســـییە هەمەلایەنەیـــە کەبەئاگابوونـــی هەواڵنێـــری رۆژنامەنووســـی بەزانیـــاری بایەخداردەســـت پێـــدەکات. (٣)*کەئـــەو زانیارییـــە شـــایەنی بلاوکردنەوەوگواســـتنەوەی بێـــت، دواتـــر قۆناغـــە یـــەک لـــەدوای یەکەکان‌وکۆکردنـــەوەی زانیارییـــەکان لـــەس ەرچاوەکانییەوە،گواســـتنەوە،وەرگرتنی، دارشـــتنەوەی ،پاشـــان بلاوکردنـــەوەو پەخشـــکردنی لەرێگـــەی کەناڵێکـــی راگەیانـــدن .رۆژنامـــە ئاژانـــس .tv . رادیـــۆ ...هتـــد ..

میدیـــا بەشـــێوەیەک لەشـــێوەکان گرێـــدراوە و کاریگـــەرە بـــەو سیســـتمە کۆمەلایەتییـــە دیاریکـــراوەی تێیدایـــە ، یـــان لـــەرووی سیاســـیەوە پێـــوەی پابەنـــدە ،(٤)* ئەگـــەر نەتوانـــدرا بەپاشـــکۆ بکرێـــت ئـــەوا کاری باشـــتر لـــەرووی

وەزیفــە کۆمەڵایەتییــەکان ئەنجــام دەدات ،کەمیدیــای ڕاســتەقینە پێــوەی پابەنــدە لەبــارەی ئیتیــک ویاســاگەلێکی دیاریکــراو کەمیدیاهەڵگریەتــی کاری ڕۆژنامەنووســیدا

میدیا نوێیەکان

لەســەدەی ڕابوونــی فیکــری خۆرئاواوبەتایبەتیــش لەســەدەی هەژدەمەوە،لەبــواری ڕۆژنامەوانــیو میدیایــی بــرەوی عەقڵوهــزرو مەعریفــەو ڕۆشــنگەری دوای شۆڕشــی فەرەنســی گەیشــتە ترۆپــکو شــکۆمەندی لەپێنــاو خزمەتکردنــی مــرۆڤ وئەجێنداکانــی. دەرەنجامــی ئــەو پێشــکەوتنە چلۆنایەتیەگرنگــە وەرچەرخانێکــی مێژوویــی دێنێتــە پێشــەوەوگۆڕانی مــەزن دروســت دەکات.بۆیــە دەبێــت لــەو مێــژووەدا ڕۆڵــی ( دانیــال دیفــۆ) کەیەکێکــە لەڕۆژنامەنووســە بوێــرو چاونەترســترین ڕۆژنامەنووســی بەریتانیــا وەرچەرخانێــک لــە فۆرمــی کاری میدیایــی نــوێ دەخوڵقێنێتوبەپێشــەنگی ئــەو وەرچەرخانــە نــاوزەد دەکرێــت. دەتوانیــن دەرکەوتنــی میدیــای نــوێ لەفــۆرمو ئــەدا لەتەکنیکــی کار وەکــو ســەرەتا بۆئــەو مێــژووە بگەڕێنینــەوە (٥).

میدیــا نوێیــەکان: بەگشــتی ئــەو دەســتەواژەیە ئاماژەیــە بەنوێتریــن بەرهەمــی تەکنەلۆجیــای پێوەندیکــردن لەماوەیەکــی مێژوویــی دیاریکــراودا (٦)

واتــای دەســتەواژەکە بەنوێبونــەوەی ئــەو ئامرازانــە،

ئەویش نوێدەبێتەوە،لەسەردەمی خۆیدا ئێزگە بەمیدیای نوێ ناوبرا بەبەراورد بەرۆژنامەونوسینوبوارەکانی ئەو فۆرمە لەمیدیادا.هەروەها دەستەواژەکە ئاماژەیەکی ترە بەموشتتەقاتی تەکنەلۆجیای نوێی پەیوەندیکردنیش دەدات ،چەندین لقی تریش لەئەنتەرنێت بونەوە وەک مەوسوعەی (DOC.AMAZON) و ( WIKIPEDIA) و ( OTUBEY) و ( TWITTER) و(FACEBOOK)و(MYSPACE)و(SKAEOY) هتد.چونە نێو ریزەکانی ئەو دەستەواژەی میدیانوێکانەوەو تائێستاش شۆرشوجوڵەو ئەجێنداکانی میدیا نوێکان بەردەوامەو درێژەی هەیەکەوەکو هێزێک ،ئاراستەیەک کەبەکەس ناوەستێت .بۆیە میدیا نوێیەکان رۆڵێکی گەورە دەگێڕن لەوەرچەرخانی کۆمەڵایەتیوئەداو فۆرموتەکنەلۆجیای تازەونوێمان بۆتێکەڵ بەکاری میدیایی دەکەنو ئەو قەناعەتەمان بۆدێنێتە پێشەوە کەمرۆڤ دەبێت بەو دەستەواژەیە سەرسام بێتو هەوڵبدات دەستوپەنجەی لەگەڵیدا نەرم بکات بۆئەوەی ببێتە نمایندەی حەزو ئارەزوکانی و سودێکی جددیوپڕلەبایەخی لێوەربگرێت.

بـۆ ئـەوە بـە شـێوازێکی میتۆدی و کـرداری لـە تیۆرەکەی (زبلیرمـــان) لـــە بـــارەی پەیوەنـــدی نێـــوان ڕاگەیانـــدن و کۆمـــەڵ و ئاســـتی مەرجعییەتـــی ســـەرەکی ڕاگەیانـــدن بـــۆ بونیاتـــی کۆمەڵایەتـــی وشـــێوازەکانی ڕێکخســـتنی کۆمەڵایەتـــی، بکۆڵرێتـــەوە. بـــۆ دەرکەوتنـــی ڕاســـتی ئـــەو تێـــزە. هەنـــدێ تاقیکردنـــەوەی گریمانەیی،مەیدانـــی لـــەو بـــوارەدا دەردەکـــەون و میدیـــا بـــەو ئاراســـتەیەدا هەنگـــاو دەنێـــت کـــە گرنگتریـــن وەزیفـــەی کۆمەڵایەتـــی وەکـــو بوارەکانـــی تـــری کایـــەکان لەنێـــو کۆمەڵگـــا بدۆزێتـــەوە و کاری جـــدی لەســـەر بـــکات. پرســـیارێک دێتـــە پێشـــەوە بـــەوەی کەئایـــا پەیوەنـــدی و کارلێـــک و شـــێوازەکانی ڕەفتـــاری کۆمەڵایەتـــی چـــی بەســـەر،دێ ئەگـــەر ئامرازەکانـــی ڕاگەیانـــدن – ڕاگەیانـــدن لەبەرامبـــەر وەزیفـــەی گرنگـــە کۆمەڵایەتیـــەکان بونیـــان نەمێنـــێ ؟ (٧*) هەرگیـــز ناتوانیـــن گرنگـــی میدیـــا لـــە بـــواری کۆمەڵایەتـــی وەزیفەکانیـــان لـــە بـــەر چـــاوو نەگرێـــن چونکـــە هـــەر میدیایـــە، هۆشـــیاری و زانیـــاری و کات بەســـە ربـــردن و هێنایـــە بوونـــی کەلتورێکـــی نـــوێ بۆپێکهاتـــە کۆمەڵایەتیـــەکان دێنێتـــە بەرهـــەم .! ئەگـــەر کۆمەڵگـــا پێکەوەژیانـــی مرۆڤـــەکان بێـــت لـــە شـــوێنێکی جوگرافیـــی وەک ( هێلمـــان ) باســـی لێـــوە دەکات ئـــەوە میدیـــاش

بونێکی تره لەناو ئەو جوگرافیەو هەڵگری چەندین خەسڵەته بۆ ڕۆشن کردنی ژیانی هاولاتیانی ئەو جوگرافیایە.میدیا وەک و کاراکتەرێک پەیامی بۆ ئێستا و ئایندەیە لەهەناوو ڕوخساری خۆی هەڵگرتووه. چونکه میدیا کۆمینکەیشنێکی هەمیشەییه بۆ کۆمکەڵگاو تاکەکانی. بۆیه زیادەرۆیی نییه کەقسه لەسەر پەیوەندی کۆمەڵگەو بواره کۆمەلایەتیەکان، کارلێکردنه راستەقینەکان و چەشنەکانی رەفتاری هۆشدارانه ، بەبێ گەیاندنوبەبێبونی کارەکانی ئامرازی گەیاندن بکرێت. بەواتایەکی تر . دیارنەمانی گەیاندنی جەماوەریو ئامرازەکانی لەبەرامبەردامردنی ژیانی کۆمەلایەتی هاوچەرخ دەگەیەنێت.واتا دیار نەمانی ئەوەی کە لە ئێستادا دروستی دەکەین و بزربوونی ئەو شێوازەی کارلێکی کۆمەلایەتیی و کەله ئێستا رەچاوکراوه . گەیاندن دارشتنێکی سەرەکیه له دارشتنەکانی کارلێکی کۆمەلایەتی بینینەوەی چەندین وەزیفەی کۆمەلایەتی له مدیادا چونکه میدیا نوێکانیش له بنەرەتدا وەزیفەی کۆمەلایەتیه بەفۆرمێکی نوێ بەکۆمەڵگا دەبەخشێتەوه.

سەرچاوەکان

١- الاعلام قيم ومبادى واستراتيجية واليات تطوير

الاعـلام المعـاصر فى كردسـتان - د.شـێرزاد قـازى
.دارالمـدى ط ١ ٢٠١١ل ١٩
٢- اللغـة وعلائقياتهـا د.عـلى نـاصر منشـورات الجمـل
بغـداد- بـيروت .٢٠٠٩ ط ١ ل ٤٩
٣- لەبـارەی راگەیاندنـەوە، لیکۆڵینـەوەو کۆمەڵـە
وتارلەبـارەی راگەیانـدن. ئیتیـک. ئازادیـی .تیـۆرو
ژانـەرەکان . مـەم بورهـان قانـع چاپخانـەی چـوار چـرا
چ١ .٢٠١٢ ل ٨
٤- هەمان سەرچاوە ی پێشوولاپەڕە ٨
٥- رۆژنامەگـەری لەسـەرەتای سـەرهەڵدانیەوە تاچەرخی
نوێـکاری .نوسـینی برایمـی مـەلا هەولێـر ٢٠٠٨ لاپەڕە ٩
٦- دەسـتەواژە نوێیەکانـی میدیـاو پێوەندیپێکـردن .
وەرگێڕانـی لەکوردییـەوە / بەهـزاد حەوێـزی . چاپـی
یەکـەم :چاپخانـەی رۆشـنبیری .هەولێـر ٢٠١٢
٧- کۆمەڵناسـی ڕاگەیانـدن . د . حەمیـد جاعـد الدلیمـی . و
. محمەمـەد عەبـدولا کـەلاری چ١ / چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات
لاپـەڕە ٣٥

# شۆڕشی خۆرئاوای کوردستان لە میدیای باشووری کوردستاندا

گۆران ئیبراهیم ئەحمەد
بەکالۆریۆس لە راگەیاندن

ناونیشانێکی گەورەیە، دڵنیام نەمتوانیوە مافی خۆی پێبدەم، بەڵام پێویستە لەسەر بابەتە قسە بکەین. تا ئێستا نەمبینیوە، لەمیدیای بیستراو، بینراوو خوێنراوی باشوری کوردستاندا لەسەر ئەم بابەتە بەرنامەیەک دروستکرا بێت. واتە ئامادەیی شۆڕشی خۆرئاوای کوردستان لەمیدیای باشوردا، وەکو بابەتێک تاووتوێنەکراوە.

دەمەوێت بڵێم، بابەتێک لەسەر میدیای باشوری کوردستان و وێنەی شۆڕشی خۆرئاوای کوردستان کە پرسیارەکانی: چی بکەین، چۆن شۆڕشەکە بخەینەڕوو، ئامانجمان چییە، چی بەڕای گشتیی

بلێیـــن؟، ســـازنەکراوە.
شۆڕشـــی ناوچەکـــە یـــان «بەهـــاری عەرەبـــی» یـــان هـــەر ناوێکـــی تـــر، بـــۆ کـــورد لەهـــەر چـــوار پارچـــەی کوردســـتان گرنگـــە و پێویســـتە بایەخـــی پێبدرێـــت، شۆڕشـــێک ســـوریای هەڵپێچـــاوە و تورکیـــا و ئێرانیشـــی خســـتووەتە دڵەڕاوکێـــوە، بەجۆرێـــک چاودێـــران پێیانوایـــە، ئاشـــتەوایی تورکیـــا و دەســـتپێشـــخەرییەکانی ئەردۆغـــان، لەژێـــر کاریگـــەری شۆڕشـــی ناوچەکەدایـــە.
ناکرێـت بایەخپێدانـی کـورد بەشۆڕشـی ناوچەکـە تەنهـا لەئاســـتی میدیـــا و دەســـتەبژێری سیاســـیدا کۆببێتـــەوە، بەڵکـــو پێویســـتە رای گشـــتیی کوردیـــی لەباشـــوری کوردســـتان ئاگـــادار بێـــت و هۆشـــیاریی لـــەو بـــارەوە هەبێـــت، تەنهـــا هۆکارێـــک رای گشـــتیی لـــەو بابەتـــە تێبگەیەنێـــت، میدیایـــە.
میدیـــا دەتوانێـــت شۆڕشـــی ناوچەکـــە بـــۆ جەمـــاوەر شـــیبکاتەوە و پێـــی بناســـێنێت. بـــۆ کام جەمـــاوەر؟، جەماوەرێـــک کـــە پێویســـتی بەتۆکمەکردنـــی ناســـنامەی نەتەوەییـــە و دەیەوێـت لەگۆشـــەنیگای نەتـــەوەی کوردەوە تەماشـای ڕووداوەکان، بـەو واتایـەی ڕووداوەکان چییـان بـۆ کـورد پێیـە؟
وەکـو ئامـاژەی پێکـرا، شۆڕشـی ناوچەکـە بەگشـتیی بـۆ کـورد گرنگـە، ئەگەرچـی کـورد لەکۆتاییەکانـی سـەدەی

بیستدا دەستپێشخەریی بۆ شۆڕش کرد و دەسەڵاتی خوێنمژی بەعسی لە خاکی کوردستان ڕامالی، بەڵام شۆڕشی کورد لە خۆرئاوای کوردستان گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

دەمانەوێت بزانین میدیای کوردیی لە باشوری کوردستان چۆن مامەڵەی لەگەڵ دۆخی کورد لە خۆرئاوای کوردستان کردووە.

میدیای باشوری کوردستان دابەشبووە بەسەر میدیای حزبی، سەربەخۆ و ئەهلیی، تا رادەیەک حکومیشدا، هەموو ئەم جۆرە کەناڵانە کەم و زۆر کاریان لەسەر شۆڕشی خۆرئاوای کوردستان کردووە، واتە شۆڕشی خۆرئاوا لەباشوردا ئامادەیی هەبووە، بەڵام ئێمە دەمانەوێت کەموکورتییەکانی وێنەی شۆڕشی خۆرئاوای کوردستان لەمیدیای باشوری کوردستاندا، بەپێی توانا بخەینەڕوو.

***یەکەم: زاراوە و ناونان***

خۆرئاوای کوردستان یەکێکە لە پارچەکانی کوردستان و بۆ کورد لەباشوری کوردستان وەکو بابەتێکی نەتەوەیی تەماشای دەکرێت، ئەمە دەبێت بەسەر هەموو کەناڵە میدیاییەکانی باشوردا زاڵ بێت، بەبێ لەبەرچاوگرتنی روانگەی ئایدولۆژیی، یان سیاسیی و تاکەکەسیی. بەڵام میدیای باشوری کوردستان

پاش تێپەڕینی دوو ساڵ لەشۆڕش، هێشتا خاوەن یەکێتییەکی ڕوون نین لەبەکارهێنانی زاراوە و چەمک و ناونانەکاندا. کەناڵێک زاراوەی (کوردستانی خۆرئاوا)، یەکێکی تر (خۆرئاوای کوردستان) و کەناڵێک (کوردستانی سوریا) بەکاردەهێنێت، ئەمە لەسەر ئاستی خاک و جوگرافیا. لەسەر ئاستی گەل، چەندین بەکارهێنان هەن، وەکو (کوردی سوریا)، (کوردەکانی سوریا)، (کوردانی سوریا) و (سورییەکان)، کە لەراستیدا هەر یەکێک لەو بەکارهێنانە واتا و قەبارەی تایبەتی خۆی هەیە.

### دووەم: وێنە

وێنە لەمیدیادا یەکێکە لە هۆکارەکانی سەلماندن و خستنەڕووی راستیی، بەڵام میدیای کوردیی لەباشوری کوردستان وێنەکانی لە میدیای ناوچەیی یان جیهانییەوە بەدەستدەهێنێت، بەبێ لەبەرچاوگرتنی روانگەی میدیای ناوچەیی و جیهان، واتە میدیای باشور خاوەنی وێنەی تایبەتی خۆی نییە، نە رۆژنامە و نە سایتەکان و نە تەلەفزیۆنەکان. جگە لە چەند هەوڵێکی زۆر کەم، کە لەراستیدا ئەوەش شایەنی باس نین. لێرەدا کەمتەرخەمیی میدیای باشوری کوردستان بەرامبەر بەشۆڕشی خۆرئاوای کوردستان دەردەکەوێت، بەجۆرێک میدیای باشور

نەیتوانیــوە پەیامنێرێکــی وێنەگــر، چ وێنەگــری فۆتــۆ بێــت یــان وێنەگــری تەلەفزیۆنــی، بنێرێتــە خۆرئــاوای کوردســتان و لەنزیکــەوە وێنەیــان بگرێــت و ڕەوشــی ڕاســتەقینەی کــورد لــە خۆرئــاوای کوردســتان لەچــاوی کامێــرای کــوردەوە بگێڕێتــەوە و چیتــر پەنــا بــۆ وێنــە و ڤیدیــۆی بیانیــی نەبرێــت.

### سێیەم: تاوتوێکردن

ئامادەیــی شــۆڕشــی خۆرئــاوای کوردســتان لــە میدیــای باشــوری کوردســتاندا، ئامادەییــەک نییــە کــە ئامانــج و مەبەســتێک سیاســیی و ســتراتیژیی لــە پشــتەوە بێــت، بەڵکــو ئامادەییــە بــۆ پڕکردنــەوەی کات، ئامادەییــە وەکــو هــەر هەواڵێکــی تــری بیانیــی و ناوچەیــی، ئامادەییــە بــۆ ئــەوەی کەناڵێــک هاوشــێوەی کەناڵەکــەی تــر هەواڵــی لەبــارەی خۆرئــاوای کوردســتانەوە هەبێــت، لەکاتێکــدا دەبوایــە کاتــی تایبــەت و پێویســت بــۆ تاوتوێکردنــی شۆڕشــی خۆرئــاوای کوردســتان دابینبکرایــە، دەبوایــە باســکردنی شــۆڕشــی خۆرئــاوا بەســەر بابەتەکانــی تــردا زاڵ بوایــە، وەکــو چــۆن دەبینیــن ژمارەیــەک لــە کەناڵــە عەرەبییــەکان مامەڵــەی تایبــەت لەگــەڵ شــۆڕشــی ســوریادا دەکــەن.

چوارەم: ناساندنی خۆرئاوای کوردستان

ئــەو ڕاپۆرتــەی کــە لەبــارەی خۆرئــاوای کوردســتان

و ژمــارەی دانیشــتوان و خاکەکــەی و ســەرچاوە سروشــتییەکانیەوە لــە کەناڵــی ئاســمانی عەرەبییــەدا بڵاوکرایــەوە، تــا ئێســتا لــە هیــچ کەناڵێکــی ئاســمانی کوردیــی باشــوری کوردســتاندا بڵاونەکراوەتــەوە.
تــا ئێســتا میدیــای باشــوری کوردســتان خــاک، مێــژوو، بــوون و ســەرچاوە مرۆیــی و سروشــتییەکانی خۆرئاوای کوردســتانی بــە جەمــاوەری باشــوری کوردســتان نەناســاندووە.
ئێمــە دەبینیــن رۆژنامەیەکــی وەکــو رۆژنامــەی (یەنــی چــاغ)ی تورکــی راپۆرتێــک بڵاودەکاتــەوە و باســی ئــەوە دەکات کــە کــورد دوای ئازادکردنــی خۆرئــاوای کوردســتان، خاکەکــەی دەگاتــە ســەر دەریا، بــەڵام میدیای باشــوری کوردســتان باســی ئەمــەی نەکــردووە. میدیــای باشــوری کوردســتان تــا ئێســتا گرنگیــی ئازادکردنــی خاکــی خۆرئــاوای کوردســتانی بــۆ جەمــاوەری باشــوری کوردســتان بــاس نەکــردووە!
میدیــای باشــوری کوردســتان لــەزۆر رووی تــرەوە لەبــارەی شــۆڕشــی خۆرئــاوای کوردســتانەوە کەمتەرخــەم بــووە، بــەڵام لێــرەدا ناتوانیــن بەوردیــی بــاس لــە هەمــوو ئــەو روداوانــە بکەیــن کــە میدیــای باشــوری کوردســتان نەیتوانیــوە دەســتیان بــۆ ببــات، بــۆ نمونــە سیاســەتی دارِشــتنەوەی هــەواڵ لــە میدیــای

باشــوری کوردســتاندا لەبــارەی ڕووداوەکانــی خۆرئاوای کوردســتانەوە زۆر لاوازە، لاوازە وتنێکــی گشــتییە، بــەڵام مەبەســتمان ئەوەیــە کــە نەتوانــراوە تایبەتمەندیــی بدرێــت بـــە دارشـــتنەوەی هەواڵێکـــی خۆرئـــاوای کوردســـتان بەبــەراورد بــە دارشــتنەوەی هەواڵێکــی ناوچــە ســوننی یـــان عەلەوییەکانـــی ســـوریا.

هەمــوو ئــەو بابەتانــەی کــە بــاس کــران (ئەڵبەتــە زۆر بابەتــی تریــش هــەن کــە بــاس نەکــراون)، دەیســـەلمێنن کــە میدیــای کوردیــی باشــوری کوردســتان نەیتوانیــوە مامەڵەیەکـــی پێویســـت و گونجـــاو و ســـەردەمیانە لـــە ڕوانگەیەکـــی نەتەوەییـــەوە لەگـــەڵ ڕووداوەکان و شۆڕشـــی خۆرئـــاوای کوردســـتاندا بـــکات، ئـــەوەش بەرپرســـیارێتی مێژوویـــی دەخاتـــە ئەســـتۆی میدیـــای کوردیــی لــە باشــوری کوردســتان، لەکاتێکــدا کــە میدیــای کوردیــی باشــور خــاوەن توانــای دارایــی، کات و دەرفەتــە.

# میدیا و ئەنفال

بەناز عمر

دیـــارە میدیـــا بـــە گشـــتی یـــەک لـــە ئامانجەکانـــی هەوڵدانــە بۆدروســتکردنی رایگشــتی دەربــارەی شــتێک کــە مەبەســتێتی لــە و مینبــەرەوە پێــی بگــات ، یــان راگەیانــدن هۆکارێکــی باشــە بــۆ دروســتکردنی فشــار بـۆ هـەر گیروگرفتێکـی کۆمەڵگــە ،وەلــەم سـەردەمەشـدا بـە تایبەتـی کـە پێـی دەوترێـت سـەردەمی تەکنەلۆژیـاو دنیـــای پێشـــکەوتن و بـــە تایبەتـــی تـــر لـــە گەردونـــی ئاسمانیشـــدا هۆکارگەلێکـــی گرنگـــە بـــۆ بـــە هێزبوونـــی پێگـــەی میدیـــا بـــە گشـــتی .

لـەم سـەروبەندەدا دەتوانـم بلێـم زۆر بە داخـەوە کە گەلی کـورد خاوەنـی گەورەتریـن پرسـی ئەنفـال و جینۆسـایدە کـە لـە لایـەن رژێمـی رووخـاوی پێشـوودا بەرانبەرمـان ئەنجامـدراو رەنگـە یـەک لـە تراژیدیـاو کۆمەڵکوژیەکانـی

دنیـادا بـێ وێنـه بـووه ، بـەو دەلیلـەی کـە ئەنجامدانـی پرۆسـەی ئەنفـال لەلایـەن خـودی دەسـەڵاتی وڵاتەکـەی خۆمانـەوە بـووە ؟ ئـەوەی جێـی ئامـاژەو هەڵوێسـتە لـە سـەرکردنە کـە هێشـتا راگەیاندنـی کـورد لـە ئاسـت ئـەم تاوانـە گەورەیـەدا لـە رووی کەناڵـە جیاجیاکانـەوە لـە سـەر ئـەم پرسـە رابوەسـتن و بـە بەردەوامـی گرنگـی پێبـدەن ، کـە مـن پێـم وایـە تـا ئـەم ساتە ئەنفـال ئەگـەر لـە روویەکـەوە گەلەیـی و گازنـدە لـە سـەر بەرپرسـانی ئـەم هەرێمـە هەبێـت و خـودی میدیـاش بـۆ گواسـتنەوەی ئـەم گلەیـی و گازندانـە هـەوڵ ئـەدەن وەک کارتـی فشـار بەرانبـەر بـە دەسـەڵات و بەرپـرن گـەورەی بکەنـەوە کـە لـە رووی کاری میدیـاوە کارێکـی ئاسـاییە ، بـەڵام قسـەی مـن لـە منـە سـەر تـەواوی خـودی میدیـای کوردییـە کـە نەیاتوانیـووە بـە پێـی پێویسـت و وەک سـتراتیژو بـە بەرنامـە بـۆ رێژکـراو ئیـش لـە سـەر پرسـی ئەنفـال بکـەن ، مەبەسـتمە بلێـم ئەگـەر دەسـەڵات کەمتەرخەمـی نواندبێـت بەارنبـەر تاوانـی ئەنفـال ئـەوا لـە لایەکـی تـرەوە ئـەوە دەسـەڵاتی میدیـاو میدیـاکاران و راگەیاندنەکانـە کـە ئەمانـەش هاوشـێوەی دەسـەڵات لـە نزیـک بونـەوە لـە ١٤ /٤دا دیـن و چەنـد بەرنامەیـەک و بڵاوکراوەیـەک دەردەچێـت و بـڵاو دەبنـەوە ، لـە کاتێکـدا کار کـردن بـۆ پرسـی ئەنفـال و جینۆسـایدکرنی کـورد

هەمیشە پێویستی بە ئیش لە سەرکردنی بردەوام هەیە ل هەموو کەناڵە جیاجیاکانەوە ، ئەوە ئیشی میدیاو میدیا کارانە کە پێویستە ببنە فشار بۆ سەر دەسەلاٚت و تا رایگشتی دروستبکەن و لە ئاستی ناوخۆو دەروەدا کاریگەری خۆی دروستبکات ،
تەنانەت کە ئێمە یادی ٢٥ ساڵەی ئەنفالمان تێپەراند هێشتا راگەیاندنی کوردی نەک لە ئاستی دەروەدا نەیتوانیوە کاریگەری خۆی دروستبکات بەڵکو لە ئاستی ناخۆو ماڵی خۆشماندا نەتوانراوە بە شێوەیەکی باش و تەندروست خەم و کێشەکانی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال بگەیەنیین ، یان زۆرجار بۆ کاری تایبەتی و شەخسی و حزبی و سیاسیش ئەنفال کراوە بە مەرام ؟ ئایە ؟ ئەوە ئەرکی میدیا نییە کە کارێکی وابکات خەمی ئەنفال ببێتە خەمی هەر هاولاٚتی و هەر تاکێکی ئەم ولاٚتە ؟ ئایە ؟ هۆکار چییە ؟ کە زۆربەی هاولاٚتیانی ئەم ولاٚتە خەمی ئەنفال بە خەمی خۆیان نازانن لە کاتێکدا ئەنفال ئەگەر لە سەرئاستی نێودەوڵەتیدا دانی پێدا بنرێت ئەوا تەواوی ئاسایشی نشتیمانی و سیاسی ژیانی کورد زامندەبێت ، یان دەتوانرێت دەوڵەتی کوردی لە سەر بنیات بنرێت . ئایە ئەمە وەک پرسێکی نەتەوەیی هەموو تاکێک هەست بەمە دەکات ، بێگومان نەخێر؟

ئایە لەو هەموو میدیاو راگەیاندنانەدا لە ماوەی ساڵێکدا چەند کار لە سەر ئەنفال دەکرێت ؟ یان کام لەو تیڤی و کەناڵانە بەرنامەی بەردەوامیان لە سەر پرسی ئەنفال هەیە ؟ یان ئەو هەموو کۆنگرەو کۆنفراسانەی لە سەرپرسی ئەنفال کراون و ئەو هەموو خاڵ و راسپاردانە چەندیان جێبە جبکراون ، ئەگەر نا میدیای کوردی بۆچی ئیشی لە سەرناکات و رایگشتی لە سەر دروست بکات ؟ بۆیە من پێم وایە لە هەر روویەکەوە تەماشا بکەین لە سەر پرسی ئەنفال ئەگەر دەسەڵات و بەرپرسان جۆرێک لە جۆرەکان خەمساردو کەمترخەم بن ئەوا خاڵی لاواز لە میدیای کوردی دەبینم بۆیە نەتوانراوە کاریگەری راگەیاندن وەک فشارو دروست بکرێت تا دەسەڵاتیش زیاتر گرنگی بە پرسی ئەنفال بدات و لە دەسەڵاتیش بترازێت هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە خۆی بە بەرپرسیار بزانێت بەرانبەر بە ئەنفال ووەخەمی ئەنفالیش بە خەمی خۆی و نێو ماڵی خۆی بزانێت ، بۆ گەیشتن بە پرسێکی لەو شێوەیە تاکە رێگا مێدیاو میدیاکارانە دەتوانن بەو ئامانجەوە کاربکەن و پرسێکی نەتەوەیی و نشتیمانی وەک ئەنفال بگەیەنن بە هەموو جیهان .

# ئەنفال دوای چارەکە سەدەیەک

## «خوێندنەوەیەکی تر لە میانی تۆڕی چڕچنراوی پرسیارەکانەوە»

ئاری عوسمان خەیات
ari.xeyat@yahoo.com



ئایا لەم سەردەمەدا چۆن دەتوانین لە ئەنفال تێ بگەین؟ ئاخۆ دەکرێ خوێندنەوەیەکی قوڵترمان بۆ کارەساتێکی وەک ئەنفال هەبێت، کە جیاواز بێت لە

سیاقی ئەو خوێندنەوە سواوانەی پێشوو، خوێندنەوە گەلێک، کە پتر بارگاوین بە هەستو کەفوکوڵێکی سۆزمەندی، پتر لەوەی ڕۆچوونێکی ڕاستەقینە بێت بەنێو پێدراوەکانی ئەم پرسە تراژیدییەدا؟ ئایا خوێندنەوەیەکی لەم جۆرە، کە ئێمە دەیخوازین، پێویستی بە چ جۆرە عەقڵییەتێکە؟ ئاخۆ لە ئێستەدا، تاکو کۆمەڵگەی کوردی خاوەنی ئەو جۆرە عەقڵییەتە هەن، کە بتوانن خوێندنەوەی جیاوازی پرسێکی وەک ئەنفالی پێ بکەین؟ ئەگەر کورد لە سەدەی بیستو یەکداو پاش تێپەڕینی چارەکە سەدەیەک بەسەر تراژیدیایەکی وەک ئەنفالدا، هێشتا نەیتوانیوە لە جوغزی خوێندنەوەیەکی تەقلیدی دەربچێت، ئاخۆ پشکی خودی کارەساتەکە، لەوەها پرسێکی هەنوکەییدا، چییەو چەندە؟

ڕەنگە ئاراستەکردنی پرسیارەکان، بەشێوەیەکی ئەوتۆ درێژببنەوە، کە دواجار سەرجەمی ئەم وتارەو چەندانی تریش بەدوای خۆیدا ڕابکێشێو هێشتا ئێمە نەتوانین فریای وەڵامدانەوەی بەشێکی بچوکیشیان بکەوین.

کەواتە با لەم دەلاقەیەوە، بچینەوە سەر پرسیاری یەکەمی ئەم گوتارە، کە لەپاڵ پرسیارەکانی دیکەدا، پێویستی بە هەڵوەستەکردن و لەسەر وەستانی جیدین،

چونکــه هەریــەک لەوانــە، کۆمەڵێــک ئامــاژەو مەغــزای جیاوازیــان لــە هەنــاوی خۆیانــدا هەڵگرتــووە، بۆیــە لــە هەوڵــی وەڵامدانــەوەی هــەرکام لــەو پرســیارانەدا، دەرگــای دەیــان پرســیاری ترمــان بــە ڕوودا دەکرێنــەوەو دەرئەنجامیــش ڕووبــەڕووی تۆرێــک لــە پرســیاری چرچنــراوی وەڵام نــەدراوەی خۆمــان دەبینینــەوە، کــە هەڵبــەت لێرەشــدا، ئــەم پرۆسێســە قژقــژە، لــە خزمەتــی ناوکــۆی ئــەم گوتــارەدا نابــێ. بۆیــە هــەوڵ ئەدەیــن بەپێــی پێویســت و لەڕێــی گەڕانــەوە بۆســەر هەریــەک لــەو پرســیارانەی ســەرێڕا، مەبەســتی خۆمــان بخەینــە ڕوو. بێگومــان گۆڕانــی ســەردەم کاریگەریــی ڕاســتەوخۆی هەیــە لەســەر کــۆی پێدراوەکانــی ژیــان، بەتایبەتــی لــە بــارە کۆمەڵایەتییەکەیــدا، کــە هــۆکاری هاتنــە ئــارای نەوەیەکــی جیــاوازە لــە نــەوەی پێــش خــۆی، بــەوەی هەڵگــری دنیابینییەکــی جیــاوازن، ئەمــەش وا دەکات، تێگەیشــتنی نــەوەی پێشــوو لەگــەڵ نــەوەی ڕۆژگــاری ســەردەمدا، بۆشــاییەکی بیرەکــی بکەوێتــە نێوانیانــەوە، بەتایبەتــی لــەم دۆخــەی ئێســتەی کۆمەڵگــەی کوردیــدا، کــە لــەدوای ڕاپەڕینــەوە بــە ســەردەمێکی ئێجگــار ئاڵــۆزی سیاســیو کۆمەڵایەتــیو ئابوریــدا گــوزەری کــردو دەرهاوێشــتەکانی ئــەو ســەردەمەش تــا ئێســتا گاریکەرییــان هــەر مــاوە بەســەر ژیانــی تاکەکانــی




کۆمەڵــەوە، جـا تێپەڕینـی ئـەو ســاڵانە، کــە لــە ئێســتادا پێدەنێتــە نــاو بیســتو پێنــج ســاڵەی خۆیــەوەو ئەمــەش ژمارەیەکـە، چارەکی سـەدەیەک دەخاتە تویێی مێژووەوە، کەواتـە گوزەرکردنـی ئـەم تراژیدیایە، کە لەسـەر ئاسـتی نەتەوەیـی هێشـتا پێگەیەکـی بـاڵای وەرنەگرتـووە، بەنێـو تونێلــی ڕۆژگارێکــدا گەیشــتووەتە ئێــرە، کــە پــڕە لــە ڕووداوی هەمەچەشــن لــە ئاســتە جیاوازەکانــی ژیانــی کۆمەڵایەتـی و سیاسـیو ئابـوری ئێمــەدا، بۆیــە هــەروا ئاســان نییــەو بگــرە ئێجگــار زەحمەتیشــە وەک ئــەوەی دۆخەکــە دەیخوازێــت، ئێمــە بتوانیــن خوێندنەوەیەکــی جیـاواز بـۆ پرسـی ئەنفـال بکەیـن، چونکـە هێشـتا کـورد چەندیــن پایــەی لــەو پێپلیکانــەدا مــاوە تێیانپەڕێنێــت،

کــە دووری بخاتــەوە لــەو هەســتە ســۆزمەندییەی بەســەر عەقڵــی دەســتەجەمعی ئێمــەدا زاڵــە، واتــە ئێمــە میللەتێکیــن، هێشــتا توانــای ئەوەمــان نییــە لەســەر ئاســتی تاکەکــەس بیرکردنــەوەی خۆمــان ئاراســتەی پێــدراوەکان بکەیــن، بۆیــە پرســی ئەنفالیــش هــەر لــەو جوغــزە دەســتەجەمعییەدا دەمێنێتــەوەو تێڕوانینــی ئێمــەش بــۆی هەمــان ئــەو تێڕوانینــە دەبێــت، کــە لــە چرکەســاتەکانی یەکەمــی قەومانەکەیــدا کەوتووەتــەوە. لێــرەوە ئێمــە دەبــێ گــۆڕان لــەو میتۆدانــەدا بکیــەن، کــە لەڕێگەیــەوە بیرکردنــەوەو هزرینــی تاکــی کــوردی پــێ ئاراســتە دەکرێــت، تــا بتوانیــن پرســیاری ئــەو وەڵامــە زۆرو زەبەندانــە بدۆزینــەوە، کــە زەمەنێکــە لــە فــەزای بــێ پرســیاریدا دێــن و دەچــن، چونکــە هەمیشــە غیابــی پرســیارەکان، جۆرێــک لــە فــەوزای وەڵام دەخوڵقێنێت، کە دواجــار شــێوازی مامەڵەکردنمــان لەگــەڵ پرسـێکی وەک ئەنفالیشــدا، بەدیوێکــی ســادەو عەفەویــدا دەشــکێتەوە، کــە ئــەو بــارەش خزمــەت نــە بــە پرســەکە لــە ئێســتەدا دەکات و نــە خزمەتیــش بــەو کەســانە دەکات، کــە قوربانــی کارەســاتەکە، واتــە مانــەوەی ئــەم دۆخــە بــەو شــێوەی لەســەری ڕاهاتوویــن، خــۆی لەخۆیــدا جارێکــی تــر پیادەکردنــەوەی هەمــان ئــەو تراژیدیایەیــە بەجۆرێــک، کــە ڕەنگــە زیانەکانــی چەندیــن جــار لــە خــودی کارەســاتەکە



گەورەتـر بێـت، چنکـە ڕوودانـی هـەر تراژیدیایـەک، هـەر وە نییـە چرکەسـاتی کەوتنـەوەی بەهەنـد وەربگیـردرێ بـۆ ڕاڤەکردنـی دەرئەنجامەکانـی، بەڵکـو ئـەو قۆنـاغو سـەردەمەکانی دوای کەوتنـەوەی تراژیدیاکانـە، کـە دەبێ بەهەنـد وەربگیرێـن و بزانـرێ بـە چ میتۆدێکـی عەقڵانـی و مەعریفـی مامەڵـەی مرۆییانـەی لەگـەڵ بکرێـت. ئێمـە بـۆ کەمکردنـەوە زەخمـی برینەکانـی ئەنفـال، چەنـد پێویسـتمان بـە زیندووکردنـەوەی ئـەو هەسـتانەیە لـە چرکەسـاتی ڕوودانیـدا، لـە زەینـی نـەوەی پـاش چارەکـە سـەدەیەکی ئەنفـال، هێنـدەش پێویسـتمان بەوەیـە، کـە بتوانیـن بـە دیدێکـی هۆشـیارانەو بەرپرسـانە، دەرهـەق بـەو مەسـەلەیە هەڵوێسـت بنوێنیـن.



# ئەنفال
## پرسێکی هەمیشە زیندوو..
## پەلامارێکی مەترسیدار



هۆشیاری عەبدولعەزیز

حکومەتــە یەلــەدوای یەکەکانــی عێــراق هەمیشــە سیاســەتی کوشــتن و بڕیــن و لەناوبردنیــان بەرامبــەر کــورد بەکارهێنــاوەو جۆرەهــا ڕێــو شــوێنی ڕاڤــە کــراو و بەبەرنامەیــان بــۆ بەرجەســتەکردن و ســەرخســتنی ئــەو سیاســەتەیان بەکارهێنــاوە، بەرنامــەی سیاســەتی دژەکــوردی لەنــاو حکومەتــە بــەدوای یەکــدا هاتوەکانــی عێراقــدا، تادەهــات پــەرەی دەســەندو یەکێــک لــە مەترســییەکانی پشــت ئــەم سیاســەتەش ئەوەبــو کەتەنگــی بوشــوناس و ژینــی کوردبــون هەڵدەچنــی ، یــان ڕونتــر ئــەم سیاســەتە بەبەرنامەیــە وەک کارێزمایــەک لەهەوڵــی ئــەوەدا بــوە ، کەینونــەی کوردبــون تێــک بشــکێنێ و ڕێگــە بەشــتێ نــەدا کەنــاوی کــوردو مەســەلە ڕاســتە قینەکــەی بێــت، ئــەم جــۆرە سیاســەتەکردنەی حکومەتــی عێــراق لەدوێنــێ و ئەمــڕۆو داهاتــودا، بەرهەمــی فیکــرو لێکدانــەوەی عەقڵــی( یــان عەرەبیزمــە) کــە لەنــاوە ڕۆکــی ڕاســتەقینەی وێناکردنیــدا بــۆ ژیــان ، کەســی تــر بێجگــە لەخــۆی قبــوڵ نــاکا. دیــارە قبوڵنەکردنــی کەســی تریــش جگــە لەکوشــتن وبڕیــن و لەناودانــی بەرامبەروهەســتکردن بەخۆبەزلزانیــن ونەفــی کردنــەوەی هەرجــۆرە جیاوازییــەک ، هیــچ ئاســۆیەکی پێکــەوە ژیــان و ڕوحــی لێبوردەیــی چێنــاکا یــان بەرهــەم ناهێنــێ و پێچەوانــە جۆرێــک لــە توونودتیــژی و کوشــتن

و سـڕینەوە سـەرهەڵدەدەن کـە ڕەنگـە پێشـتر دیـاردە و ڕووداوی وا چـاوەڕوان نەکراوبـێ ، نموونـەش بـۆ ئـەم بۆچـوون و تێڕوانینـە خـودی پرۆسـە و پەلامـاری ئەنفالـە کـە بەعـس وەک ئامانجـی دوور مـەودا کاری لـە سـەرکرد .

بەعـس وەک هێزێکی تێکەڵەی ڕەفتارفاشـی بـان نەتەوەیی پەلامـاری ئەنفالـی دەسـتپێکرد و لـەو چوارچێوەیەشـدا وەحشـیانەترین و درندانەتریـن سیاسـەتی بەکارهێنـا کـە جگـە لـە ئەرمەنـەکان لـە تورکیـا کـە ڕووبـەڕووی کوشـتنی بـە کۆمـەڵ بوونـەوە ، نموونـەی ئـەم سیاسـەتە بـەکار هێنـراوە کـە بەعـس بەرهەمـی هێنـاوە لەسەرئاسـتی دنیـاو حکومەتـە ناوچەییـەکان دەگمەنـە.

بـە خوێندنـەوە و تێڕامـان لـە هـۆکار و فاکتەرەکانـی پەلامـارە کـەو دەرهاوێشـتەکانی لـە سـاتی ڕوودانـی پرۆسـەکەدا ئەوەمـان دەخاتـە ڕوو کـە کردەیـی( ئەنفـال) پرۆژەیەکـی مەترسـیداری بەعـس وحکومەتەکانـی پێـش (بەعس)یشـە، چونکـە پلـە بەنـدی کردەیـی سـڕینەوەی کـورد وەک بنمایەکـی ئەتنـی لـەوە ناچـێ تەنهـا بەعـس داهێنـەری بـێ ، ڕەنگـە هەمـوو وەکـی یـەک نەبووبـێ و بەفـۆرم و گەلاڵـەی لەیەکترجیـاوازکاری لـە سـەرکراوە ، بـەلاّم لەناوەڕۆکـدا هەمویـان جێبەجێکـەری یـەک سیاسـەت و پـڕۆژەی فیکـری (پـان عەرەبیـزم) بـوون.

واتــە حکومەتــی عێراقــی ئەمــڕۆ بەرپرســیارێتییەکی ئەخلاقــی لەئەســتۆیە بەرامبــەر( ئەنفــال) کــە حکومەتــی عێراقــی دوێنــێ (بەعــس) وەک کردەیەکــی مەترســیداری نامرۆیانــەو بە دژی نەتەوەیەکی دیــاری ناوچەکە ئەنجامی داوە ، ئــەم بەرپرســیارێتیە تەنهــا بەوە نابرێتــەوە وکۆتایی پێنایــەت کەئەندامەکانــی ئــەم حکومەتــە بێــژن ئێمــە دژی پەلامــاری( ئەنفال)یــن کــە بەعــس لــە چوارچێــوەی پەلامارێکــدا دژی فۆرمێکــی ئەتنــی جیــاواز ئەنجامــی داوە ، بەڵکــو دەبێــت ئــەم حکومەتــەی ئێســتا بەفەرمــی و بەشــێوەیەکی دانپیانــراو لەبــەردەم ڕای گشــتی دەرەوەو نێوخــۆدا و بەنوســراوی پرۆتۆکۆلــی نێودەوڵەتــی (داوای لێبــوردن) لەکــوردو دۆســتەکانی و گەلانــی عێــراق و دنیــا بــکا، کەحکومەتــی عێــراق لەڕابردولــە ســەردەستی بەعس کــوردی توشــی کوشــتن و بریــن و لەنــاودان کــردەوە تاپلــەی بەرجەســتەبونی ســڕینەوە و زیندەبەچاڵکــردن و ئەمــەش درندانــە تریــن پەلامــاری دژە مرۆییــە لەمێژویــی بەشــەرییەتدا. لــە گــەڵ ئەوەشــدا پێموایــە دەبێــت ئــەم ئەرکــە بەشــێکی زۆری ڕایــی کــردن وجێبەجێکــردن وچەســپاندنی لەبەرنامــەی کاری حکومەتــی عێراقیــدا، لــە چوارچێــوەی پــڕۆژەی قەرەبووکردنــەوەدا بکەوێتــە ئەســتۆی خــودی هــەردوو حکومەتــی هەرێــم و عێــراق ، واتــا دەبــێ کــوردو نوێنەرایەتیەکــەی لەحکومەتــی

عێراقیدا هەمیشە بە دووی ئەو پرسەوە بن و چیتر فەرامۆش نەکرێ وەک ئەوەی کە کراوە ، چونکە بابەتێکی وا کە چارەنووسی نەتەوەیەکی پێوە بەندە بەردەوام پێویستی بە جەختکردنەوەیە و پێویستە لە چەسپاندنی لەبەڵگەنامەکانی حکومەتی عێراقیدا کاری جدی لە سەرکرێ کە بەداخەوە ئەوەشی کراوە زۆرکەمە و ناگاتە ئاست گەورەیی رووداوەکە ، ئەوەتا تائێستاش حکومەتی عێراق کە بە پێی یاساو رێسا نێودەوڵەتیەکان و مامەڵەی پرۆتۆکۆلاتی نێودەوڵەتی جێگرەوەی رژێمی بەعسە نەیتوانیوە کەمترین شت و بچوکترین شتێ کە (داوای لێبوردن )ە لەکورد بەگشتی و نەوەی ئەنفال بەتایبەت بکا، کە ئەمەش نەکرا واتا ناکرێ چاوەڕوانی شتێکی لەوە گرنگ تری لێبکرێ. ڕونتر داوای لێبوردن نەکردنی حکومەتی عێراقی



لەگەلی کورد لەئاستی تاوان و پەلاماری (ئەنفال) وەک وەحشیانەترین هێرش و پەلامار بۆسەر نەتەوەیەک بۆخۆی جۆرێکە لەبەردەوامبونی خودی (ئەنفال) و درێژەدان بەفیکرو سیاسەت و پڕۆژەی بەکاربراوی حکومەتەکانی پێشوی خۆی کە دواترینیان (بەعس)ە ، ماوەتەوە بلێین ئەو نەوەیەی یادەوەری پەلامارەکە دەگێرێ و رایی دەکا دەبێت هەر لەئێستاوە ئەم مەسەلەیە لەبیر نەکاو کارو جوڵەی پێوست و جیدی بۆبکا ، تاسنوری چەسپاندن و سەلماندنی (داوای لێبوردن کردنی حکومەتی عێراقی لەگەلی کورد و بەرکەوتووانی پەلاماری ئەنفال ، خۆئەگەر حکومەتی ئێستەش نەیتوانی داوای لێبوردن بکا لە ئاست تاوانی ئەنفال، کە تا ئێستاش نەکراوە ئەوە بەبڕوایی من دروستە رێگاو جێگای بابەتی تر و لۆژیکی تر بگرینە بەر بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەم مافەی خۆمان کەکەمترین مافە لە ئێستای واقعی کۆمەڵگای عێراقی دا و دەبێ کاروکردەی لەوە گرنگتریش بنوێنن کە شایەنی قوربانی و مەترسیەکانی پەلامارەکەبن بۆ داهاتوو .

# ئەدەب و زانستەکانی



**هەژار فەقێ سلێمان**

ئـــەدەب بەشـــێکی گرنگـــی زانســـتە مرۆڤایەتییەکانە،بـــەڵام پێیـــە پەیوەندییەکـــی ڕاســـتەوانەی هەیـــە لـــە گـــەڵ کـــۆی ئـــەو زانســـتانەی کـــە لـــەو بـــوارەدا جێگەیـــان دەبێتـــەوە ،لەهەمـــوو قۆناغەکانـــی ژیانـــی مرۆڤایەتیـــدا بـــە ئێستاشەوە،هەمیشـــە ئـــەدەب جێگـــەی دیـــار و بەرچـــاو و کاریگـــەری هەبووە،چـــوون لـــە ڕێگـــەی ئەدەبـــەوە توانـــراوە تێڕوانینـــە هەســـتی و نەســـتییەکانی مـــرۆڤ بەربـــاس بدرێ(لێـــردەدا ئـــەدەب هۆیـــە لەبەرامبـــەردا زۆرجـــار ئـــەدەب ئامانجـــەو وەکـــو دروســـتکراوێک لێـــی دەڕوانرێـــت).

سەبارەت بە ناسینی زاراوەوچەمکی ئەدەب بەگشتی،گەلێک ڕاوبۆچوون هەیە کە هەریەکەیان تایبەتمەندە بە کات و سەردەمێکی جیاواز و بیروباوەڕی کەسیی جیاواز،واتا پێناسەکردنی ئەدەب زۆرجار بە سرک و مۆلەقەیی ماوەتەوە،بەلاّم لێرەدا بەکورتی دیارترین ئەو پێناسانە دەخەینە ڕوو کە بۆ ئەدەب کراوە،لەوانە: ئەدەب ئاوێنەیە،دەشێت ئاوێنەی بیری نوسەر بێت یان دەروونی نوسەر یان ژینگەودەوروبەرەکەی بێت،یاخود ئەدەب وێنەیە،دەشێت وێنەی کرداری کەسی بێت یان وێنەی ژیانی نوسەر بێت یان وێنەی هەڵچوونەکانییەتی،یاخود ئەدەب لاسایکردنەوەیە یان داهێنانە یان کیانێکی زمانییە وەیاخود شێوەیەکی ئیستاتیکای ڕووتە لە پێناو جوانی و چێژدا.

ئەدەبیش بەهۆی ئەو جێگەوتەی هەیبووە و هەیەتی لە نێو کایەکانی ژیاندا و گرنگی پێدانی لەلایەن ئەدەبدۆستان و ئەدەبخوازانەوە،وەکو زانستێک سەیرکراوە کە دەشێت کۆمەڵێک بنەماوتایبەتمەندی جیاوازی هەبێت لە زانستەکانی تر جیاواز بێت(ئەمە سەرەڕای هێشتنەوەی ئەو بەهرەوتوانا کەسییانەی کە دواجار دروست دەبن وەک هەموو زانستەکانی تر بواری داهێنان ناکۆتایە)،زۆربەی ڕاوبۆچوونەکان

زانستی ئەدەبییان کردووەتە سێ لقەوە،ئەوانیش :
(مێژووی ئەدەب و تیۆری ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەب)
ن،لە کاتێکدا لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە
لقێکی تری گرنگی بۆ زیاد کراوە و ناکرێت پشتگوێ
بخرێت،ئەویش (زانستی ئەدەبی بەراوردە یان
ئەدەبناسی بەراورد یان زانستی بە راوردی ئەدەبی)
یە،هەرچەندە ئەم لقە ڕەگێکی مێژووی گرنگی هەبووە
و ڕۆڵی دیاری هەبووە لە پێشخستنی ئەدەب دا، بەم
پێیە لە ئێستادا زانستی ئەدەب کراوەتە چوار لقی
سەرەکییەوە کە لە خوارەوە لێیان ئەدوێین:
یەکەم:مێژووی ئەدەب(history of literature): ئەم
بەشەی زانستی ئەدەب بریتییە لە لێکۆڵینەوە و
نوسینەوە و ساغکردنەوە و دۆکیومێنتکردنی کۆی
بابەتە ئەدەبییەکانی سەدەو سالانی پێشوو بە
هەردوو ژانری شیعر و پەخشانەوە،ئەم زانستە
بەپلەی یەکەم ئەرکی مێژوونوسانی ئەدەبییە،کە
بەپێی زنجیرەو بەگوێرەی هەنگاوە یەک لەدوای
یەکەکان پێشکەوتنی ئەدەبی میللەتەکەیان دەخەنە
ڕوو کات و ساتی لە دایک بوونی نوسەری دەق
دەست نیشان دەکەن،ئەمەش دەبێتە ئاسانکارییەک
بۆ لێکۆڵەرەوان و ڕەخنەگرانی ئەدەب،مێژووی ئەدەب
هاوکات تیایدا باس لە کاریگەرییەکانی ڕووداوە

سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتییەکانی ئەو سەردەمە دەکات کە بەسەر دەقە ئەدەبییەکانەوە سێبەرییان هەبووە، ولاتی فەرەنسا وەک چۆن زۆرێک لە ڕێباز و ڕەوتە ئەدەبییەکانی تیادا لەدایک بووەو سەری هەلداوە بەهەمان شێوە یەکێکە لەو ولاتە پێشینانەی کە بایەخیان بەم لقەی زانستی ئەدەب داوە و بووەتە جێگای بایەخ پێدانی نوسەرانی دیاری وەک(هیبۆلت تین و برۆنتێر و سانت بیف و ماسیۆ ئارنۆلد ) و وەک میتۆدێکی گەشەکردوو کاریان لەسەر کردووە،شایانی وتنە ولاتانی ڕۆژهەلات وەک زۆربەی زانست و کایەکانی تری کۆمەلگە درەنگ و بۆ ماوەیەکی زۆر و لە دواتردا ئەم لقەی زانستی ئەدەبیان ناسیوە و کاریان لەسەر کردووە و،بۆ نمونە لە ئەدەبیاتی کوردیدا لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا سەرەتا ئەمین فەیزی بەگ لە کتێبێکی قەبارە بچوکدا ئەنجومەنی ئەدیبانی بلاو کردەوە و دواتریش مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە چلەکاندا بە دووبەرگ شیعروئەدەبیاتی کوردی نوسیوە و دواتریش مامۆستا علادین سوجادی بەشێوەیەکی چڕوپڕ لە پەنجاکاندا مێژووی ئەدەبی کوردییەکەی خستە ناوەوە و پاشانیش سدیق بۆرەکەیی(صفی زادە)لە کۆتایی هەشتاکانداودواتر مێژووی وێژەی کوردی بە دوو

بەرگ بڵاو کردەوە و لەسەرەتای سەدەی بیستیشدا دکتۆر مارف خەزنەدار لە حەوت بەرگدا مێژووی ئەدەبی کوردییەکەی بڵاو کردەوە لەمساڵیشدا دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵیش بەرگی یەکەمی مێژووی ئەدەبیی کوردی بڵاوکردەوە،ئەوەی پێویستە لێرەدا بوترێت هەموو ئەو لێکۆلینەوانە دوور و نزیک بەیەک ستایڵ نوسراون کە ریزبەندی ژیانی شاعیرانن بە پێی ساڵانی لەدایکبوون و کۆچکردنیان،لەبەرامبەردا بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئەدەبی کوردی چەند رێگایەکی تر هەیە وەک لێکۆڵینەوە بە پێی رێبازەئەدەبییەکان و دیالێکتەکان و دواتریش ڕیزکردنی شاعیران و نوسەران و هونەرمەندان بە پێی ئەلف و بێی ناوەکانیان.

دووەم:تیۆری ئەدەب(theory of literature):تیۆری ئەدەب وەک لقەکانی تری زانستی ئەدەبی بابەتێکی گرنگی نێوەندە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانە ئەم لقە لە ئەدەب دەکۆڵێتەوە بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارانەدا دەگەڕێت، کە ئەدەب چییە؟ چی ئەدەب نییە؟ چۆن بەرهەمێکی ئەدەبی لە بەرهەمێکی نا ئەدەبی جیا بکەینەوە؟ ئەی ژانرەکانی ئەدەب چین؟ شیعر چییە؟پەخشان چییە؟ چیرۆک و ڕۆمان و چۆن و لە

چیدا لێکدەچن و لەچیدا لێک جیا دەبنەوە؟شیعر چۆن بناسینەوە وسروشتی شیعر چۆن دیاری بکەین و زۆر پرسیاری تر،دەتوانین سەرەتاکانی بابەتی تیۆر بگەڕێنینەوە بۆ کتێبەکەی ئەرەستۆ بەناوی (هونەری شیعر) کە تیایدا شیعر و بنەماکانی شیعرمان بۆ دەست نیشان دەکات.ئەرکی تیۆری ئەدەبی لە ئێستادا زۆ ر بووە و کۆی تیۆرە ئەدەبییەکان و ڕێبازە ئەدەبییەکان و لێکجیاکردنەو و دەستنیشان کردنی بنەماکانیان کاری تیۆرناسانە،کە لەپاڵ میژووناسان و ڕەخنەگرانی ئەدەبییدا کار و ئەرکی ئەدەب تەواو دەکەن،لە ئەدەبیاتی جیهانی و ئەوروپی و شەرقیدا کۆمەڵێک تیۆری ئەدەبی و ڕێبازی ئەدەبی بە پێیی کات و سەرەدەمەکان دیاری کراوە کە سروشتی بابەتە ئەدەبییەکانی پێدەناسرێتەوە لەو سەردەمەدا هەر لە یۆنان و ڕۆمانەوە تا ئەم کاتەی ئێستامان ،نمونەی تیۆرە ئەدەبییەکان وەکو(تیۆری لاسایی کردنەوە و تیۆری دەربڕین و تیۆری داهێنان و تیۆری ڕەنگدانەوەو تیۆری ئینتیباعییەت و تیۆری گێڕانەوە)،نمونەی ڕێبازە ئەدەبییەکانیش وەکو(ڕێبازی کلاسیک و ڕۆمانتیک و ڕیالیزم و پەڕناسی و دادایزم و سوریالیزم و بونیادگەری و هەڵوەشانەو و..... هتد )،کە هەریەکەیان بەجیاواز لە دەقی ئەدەبییان ڕوانیوە

و بنەمــاو تایبەتمنــدی جیاوازیــان بــۆ دەقــی ئەدەبــی نوســییوە،

ســێیەم:ڕەخنەی ئــەدەب(critical literature):

ڕەخنەورەخنــەکاری زانســتێکی نیــۆ کــۆی زانســتەکانە بــە پاڵنەرێکــی گرنگــی پێشــکەوتن و بــەرەو پێــش چوونــی هــەر زانســت و بوارێــک دادەنرێــت ،بــە وەســتانی ڕەخنــە چەقبەســتووی لــە کــۆی کایەکانــی ژیانــدا دێتــە ئــاراوە، پێوســیتییەکی هەمیشــەیی و هەنووکەییــە مرۆڤایەتــی نەیتوانیــوە و ناشــتوانێت واز لــەم بەشــە گرنگــە بهێنێــت، ئــەوەی باســەکەی ئێمەیــە ڕەخنەیــە لــە ئەدەبــدا بــە کۆڵەکــەی ســەرەکی ئــەدەب دادەنرێت،ئــەو زانســتەیە کــە دەستنیشــانی بەرهەمــی ئەدەبــی چــاک و خــراپ دەکات ،لــە تێکســتی ئەدەبــی دەکۆڵێتــەوە کار لــە شــیکردنەوە و ڕاڤەکــردن و دەرخســتنی ڕەگــەز و هونەرەکانــی تێکســتی ئەدەبــی دەکات،کار لــە نیشــاندانی جوانــی و ناشــیرینی ئــەو تێکســتە دەکات و پاشــان هەڵــی دەســەنگێنێت و حوکمــی بەســەر دا دەکات بەپێــی ئاســتی داهێنــان و ئیســتاتیکای تێکســتەکە.

کاری ڕەخنەگــر قورســتر و پــڕ ئەکتــر ســەرەتا پێویســتە بێلایەنانــە و داوەرانــە کار لەســەر بەرهەمــی ئەدەبــی بــکات و پشــتگیری و لایەنگیــری کەســیی تێــدا نەبێت،پێویســتە ڕەخنەگــر شــارەزا و زمانــزان و زماننــاس

بێـت ،باگراوندێکـی پـڕی ئەدەبـی هەبێت،پێـش هەمـوو ئەوانــە خوێنەرێکــی بــاش بێــت و ئاگــاداری ڕێبــازە ڕەخنییــەکان بێت،ڕەخنــە لەپێنــاوی باشــکردنی تێکســتی داهاتــوو لەدایکنەبــوودا بێت،ڕەخنــەی دروســتکەرانە بێت،ئەمانــەو زۆری تــر کــە ئەرکــی ڕەخنەگــر وەک وتمــان قورســتر دەکات،ئەمــەش مانــای ئــەوە نییــە کــە ڕەخنەگرتـن کارێکـی نـاوازە بێـت و لـە توانای کەسـانێکی کەمـدا بـن.

وەکـو تیـۆری ئەدەبـی ڕەخنــەی ئەدەبیــش پێکهاتــووە لــە کۆمەڵێــک ڕێبــازی گرنــگ لەوانە(ڕێبــازی ڕەخنــەی ڕەوشــتی (ئەفلاتوونـی) و ڕێبـازی ڕەخنـەی کۆمەڵایەتی و ڕێبـازی ڕەخنـەی دەرونـی و ڕێبازی ڕەخنـەی مێژووی.... هتـد. )،شــایانی ئامــاژە پێدانــە کــە لەنــاو کــورددا وەکــو ناونیشــانی ڕەخنــە لــە ڕووی مێــژووەوە کتێبەکەی دکتۆر کامـل بەسـیر بەناوی(ڕەخنەســازی مێــژوو و پەیــڕەوی کــردن) کــە لــە ســاڵی ١٩٨٣ دا بڵاوبــووە و کــە تیشــک دەخاتــە ســەر مێــژووی ڕەخنــەی ئەدەبــی ئەوروپــی و عەرەبــی و دواجاریــش کــوردی و کۆمەڵێــک بنەمــای کرنگــی ڕەخنــەی ئەدەبــی دەســت نیشــان دەکات،پێــش ئــەو مێــژووەش چــەن کارێکــی تــری ئەدەبــی دەبینیــن کــە لــە ناویــدا ئەرکــی ڕەخنەییــان ئەنجامــداوە وەکــو کتێبەکــەی مامۆســتا ڕەفیــق حیلمی(شــیعر و ئەدەبییاتــی

کـوردی) کـە تیایـدا لەسـەر چەنـد شـاعیرێک دەوەسـتێت و هەڵسـەنگاندنێک و بەراوردێکـی ئەدەبـی ئەنجـام دەدات،دوای ئەویـش کتێبەکـەی کاکـەی فەلاح(کاروانـی شـیعری نویـی کـوردی) ئەمیـش بـەدەر نییـە لـە کۆمەڵێک تێڕوانینـی ڕەخنەیـی ئەدەبـی بەنـرخ کـە بـۆ ئـەو کاتـە گرنـگ بـوو.

چوارەم:بەراوردکاری ئـەدەب(comparative literature ): ئەمەشـیان بەشـێکی ئەدەبناسـیە کـە لـە پەیوەنـدی و کاریگـەری ئەدەبـی جیهانـی لەسـەر یەکتـری دەکۆڵێتـەوە و جیـاوازی و لێکچوونـی نێـوان بەرهەمـە ئەدەبییـەکان دەسـت نیشـان دەکات و دەگەڕێـت بـەدوای ئـەو ڕێگەیەی کـە ئـەو پەیوەنـدی و کاریگەرییـەی دروسـت کـردووە ،لەبەرامبـەردا دەشـێت لێکچوونێکـی تەریبییـەت هەبێـت بەومانایـەی کـە دەشـێت دوو دەقـی ئەدەبـی یـان زیاتـر لەیـەک بچـن و پەیوەندییەکـی وەهـاش لـە نێوانیانـدا نەبێـت کـە ئـەو دەقانـە بگەیەنێتـە یەک،شـایانی وتنـە هۆکارگەلێـک هـەن کـە ئـەو پەیوەنـدی و کاریگەرییـە دروسـت دەکات وەکـو هـۆکاری داگیـرکاری وڵاتـان و بازرگانـی و ئاینـەکان و هاوسـنووری و وەرگێـڕان و کۆچکـردن و گەشـتکردن و شـارەزایی لـە کولتـووری ئەویتـر و لەپـاڵ ئەوانەشـدا ئـەو هـۆکارە هاوبەشـییە ئینسـانیانەی کـە پەیوەنـدی بەکـۆی مرۆڤایەتییـەوە هەیـە

وەک خۆشەویستی و تۆڵەو ناپاکی و ئیرەیی و ڕۆحی هاوکاری و... هتد.سەبارەت بەسەر هەڵدان ومێژووی ئەم زانستەش دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەیەم بۆ کۆمەڵێک گۆڤار و بڵاوکراوەی ئەوکاتەی فەرەنساو ئینگلیز لەسەر دەستی نوسەرانی وەک مێورالی فەرەنسی و ئیندرۆی ئینگلیزی پاشان لەسەدەی دواتردا نوسەرانی وەک ژان ژاک ئەمپێر و سانت بیف بایەخی زیاترییان بەم بابەتە نوێیە دا و دواتریش وەک بەشێکی گرنگی زانستی ئەدەب تەماشا کراو لە ئێستادا بووەتە بابەتێکی جێی بایەخی زانکۆ و ناوەندەرۆشنبیری و ئەدەبییەکانی جیهان ،ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێبدەین ناوێکی دیار و بابەتێکی گرنگ لەم زانستەدا هەیە و دەتوانیین بڵێین ئەم زانستە لەم بابەتەدا کۆبووەتەوە کە ئەویش (دەقئاوێزانە)،بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە هەڵوەستەیەک لەسەر دەق ئاوێزان بکەین، لەزمانی کوردیدا زاراوەی دەق ئاوێزان بەرامبەر بە(intertextuality)یەلە زمانی ئینگلیزیدا و لە زمانی عەرەبیشدا بەگشتی زاراوەی(التناص) ی بۆ دانراوە،بۆ یەکەمجار ئەم زاراوەیە لەسەر دەستی (جولیا کریستیڤیا) لەچەند توێژینەوەیەکی زانستیدا لەساڵی (١٩٦٦-١٩٦٧) وەک زاراوەیەکی ئەدەبی و خاوەن میتۆد هاتە ناوەوە،هەرچەندە وەکو چەمک

پێش ئەو مێژووە دەبینرێت وەک لە ساڵی (١٩١٩) شاعیری ئینگلیزی (ت.س.ئەلیۆت) دەڵێت:(مانا و ناوەڕۆکی بەرهەمی هیچ شاعیرێ،یان کاری هونەری هیچ دانەرێ،بەتەواوی هی خۆی نییە،نرخاندنی ئەو لە پەیوەندی لەگەڵ شاعیر و هونەرمەندە مردووەکاندا دیاری دەکرێ.)،راوبۆچوونێکی زۆریش هەیە سەبارەت بە پێناسەکانی دەقئاوێزان،یەک لەوانە دەڵێت:(دەقئاوێزان ئەوەیە کە دەقێکی ئەدەبی چەند دەقێکی پێش خۆی لە شێوەی وەرگرتن و تێهەڵکێشکردن و تەلمیح و ئاماژە لەخۆ دەگرێت ئەمانەش لەگەڵ باکگراوندی دانەر و دەقەرەسەنەکەیدا تێکەڵ دەبن و پێکەوە دەقێکی تازە بەرهەم دەهێنن) ،هەرلەوبارەیەوە (جولیا کریستیڤا) ئەوە رادەگەیەنێت و دەڵێت:(هەموو دەقێک پەیوەندییەکی لێکچون و وەکیەکیشی لەگەڵ دەقەکانی تردا هەیە،یان رەنگدانەوەیان لەنێواندا هەیە.)،یان (لیۆن سمفیل) دەڵێت:(هیچ دەقێک لە سێبەری دەقێکی پێشووتری بەولاوە هیچی تر نییە)،هەروەها (رۆلان بارت)یش لەبارەی ئەم باسەوە دەڵێت:(هەموو دەقێک پاشماوەی دەقەکانی پێشوو تر و هاوکاتی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتووە)،هەروەها(بەختیار عەلی) لەبارەی تێکست و پەیوەندی بە تێکستی ترەوە دەڵێت:(تێکستێکی

سەرکەوتوو لەسەر ئەم ئەستێرەیە نییە،لە پەیوەندیدا بە ئەدەبیاتەکانی ترەوە نەهاتبێتە دنیاوە)،لە ئەدەبی کوردییدا دیارترین ئەو نوسەرانەی کاریان لەم بوارەدا کردووە دکتۆر عەزیز گەردی کە کتێبەکەی بەناوی ئەدەبی بەراوردکاری یە و دکتۆر ئەنوەر قادر محەمەد کە کتێبەکەی بەناوی پرنسیپەکانی ئەدەبناسی بەراوردە.
لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین ئەوەی وەکو هێڵێکی گشتی ئەم چوار زانستەی ئەدەب کۆدەکاتەوە ،یان ڕوونتر بڵێن ئەم چوار زانستە کاری لەسەر دەکەن دەقی ئەدەبییە وهەموویان لە پێناو و لە خزمەتی بەرەوپێشبردنی دەقی ئەدەبیدان.

سەرچاوەکان:

١-تیۆری ئەدەب: د.شوکری عزیز ماچی،وەرگێرانی:د. سەردار گەردی،چاپی یەکەم،چاپخانەی ماردین،هەولێر، ٢٠١٠.
٢-توێژینەوەی تیۆری ئەدەبی: راجێر وێبستێر، وەرگێرانی ل ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقوبی، چاپی یەکەم ،دەزگای توێژینەوە و بڵاوکرنەوەی موکریانی،هەولێر،٢٠٠٦.
٣-دەروازەیەک بۆ رەخنەی ئەدەبی کوردی:

پ.ی.د.هیمدادی حوسێن، چاپی یەکەم،دەزگای توێژینەوە و بڵاوکرنەوەی موکریانی،هەولێر،٢٠٠٧.
٤-فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد،بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی،٢٠١١.
٥-پرینسیپەکانی ئەدەبناسی بەراورد: وەرگێرانی لە روسییەوە: ئەنوەر قادر محەمەد، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی،٢٠١١.
٦- دەقئاوێزانی شیعری مەولانای ڕۆمی(١٢٠٧-١٢٧٣) و مەولەوەی تاوگۆزی (١٨٠٦-١٨٨٢)،د.ئەنوەر قادر محەمەد، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی،ژمارە ١٨ ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦.
٧- وەک باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان، بەختیار عەلی، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم،٢٠١٢.

# «زوڵف و ئەگریجە» لە شیعری کوردی دا

**ئا: ئەحمەد موحەممەد قادر/ کەلار**

شـــیعر بەیەکـــێ لـــە ژانـــەرە گرنگەکانـــی ئـــەدەب دەژمێردرێـت.. چونکـە بریتییـە لـە هەسـت و سـۆز، لـە بەرکردنـی ئاسـان و واتایەکـی زۆر لـە چەنـد دێرێکـدا هەڵدەگـرێ... بووەتـە کۆنتریـن بابەتـی ئەدەبـی... ئـەم بەشـەی ئـەدەب کاریگـەری بەرچـاوی لـە سـەر زۆربـەی کایەکانـــی ژیانـــی کۆمەڵگـــە: (سیاســـی, کۆمەڵایەتـــی, فەرهەنگـی, میـژوو...) هەیـە.. هـەر لـە رێـی شـیعرەوە دەتوانیـن یەکـێ لـە پێگـە گرنگەکانـی نەتـەوە کـە (زمـان) ـــە لـە دڵ و دەروونـی هەرتاکێکیـی کۆمەڵگـە بەهێـز و خۆشـەویسـت بکەیـن. ئەمـەش لەرێـی دەقـی شـیعریی جـوان و شـرۆڤەکردنییانەوە...

(زوڵـف و ئەگریجـە) لـە شـیعری جەنـد شـاعیرێکدا وەک

نموونــە دەهێنمــەوە:

* **میرزا عەبدولڕەحیمی سابڵاخی (وەفایی) (١٨٤٤-١٩٠٢)**:
دووریــی و دابــڕان و کــۆچ.. پانتاییەکــی فراوانیــان لــە دیوانــی شــیعری شــاعیردا گرتــووە، کاتــێ خۆشەویســتەکەی دوور دەکەوێتــەوە، ئیتــر شــاعیر دونیــای لێدەبێتــە شــەوەزەنگ و ئەنگوســتە چــاو, ڕۆشــنایی لــە دڵ و دەروونیــدا وەکــو ئــەو کــۆچ دەکات, دووریــی مەعشــوقەکەی واخەریکــە دەبێتە(عیزرائیــل) و هەرەشــەی گیــان کێشــانی لــێ دەکات.. بۆیــە پێــی دەڵێــت: چاوەکــەم ئەمــە کــەی ســەودا و مامەڵەیــە, چ بــێ ڕەحمییەکــە تــۆ دەینوێنــێ؟! دەوەرەوە, ڕووت پێشــانمدە و زوڵفــی ڕەشــی قەترانــی ســەر ڕوومەتــی وەک ڕۆژت وەلانــێ, ئەزیــزم خــۆ شــەوی یەڵــدا نییــە..!

دەردی دووریت کوشتمی, چاوم ئەوە سەودا نییە,

ڕووت وەدەرخە, زوڵفەکەت لادا شەوی یەڵدا نییە!

(گوڵەنــدام) ژنێکــی جــوان و کــەم وێنــەی شــاری ســابڵاخ بــووە, وێــردی ســەرزاری گۆرانــی بێــژان و هەوێنــی شــیعریی شــاعیران و سەوداســەریی گەنجــان بــووە... (وەفایــی), لــە زاری شــیعرەوە پێــی دەڵــێ: زوڵفــی ئاڵۆســکاوت بووەتــە پەتــی قەنــارەم, لــە حاڵێکــی خــراپ و گیانکێشــاندام.. تــکات لێدەکــەم چارەیــەک, عیلاجــێ,

قوتـــار و ڕزگارمکـــە لـــە گرفتاریـــی گەردنـــم، بـــە پەتـــی زوڵفتـــەوە..؟! لـــە خۆبایـــی بوونـــی کچـــان و بێباکیـــان لـــە ئاســـت گیرۆدەیـــی و شـــەو بێـــداری کـــوڕان، بەجوانـــی و شـــۆخییانەوە، ئاوێکـــە و دەمێکـــە ڕژاوە... دیـــارە نـــزا و پاڕانـــەوەی وەفایـــی بـــێ ســـوودە، (گوڵەنـــدام) هـــەر هێنـــدە نییـــە، پرچـــی بکاتـــە پەتـــی ســـێدارە و شـــاعیری پـــێ بخنکێنـــێ، بەڵکـــو هـــاوکات بـــە تیـــری ئەبـــرۆ و برژانگەکانـــی، تیـــرە بارانیشـــی دەکا ...!! بۆیـــە دەڵـــی:

گوڵەندام ئەی تەنافی گەردنم زوڵفی پەرێشانت،

عیلاجێ! چارەیێ! ڕوحمێ! ئەمان دەستم بەدامانت...

(وەفایی) کەوتە حەڵقەی زوڵفت، ئیدی مەیدە بەر موژگان،

کەمن کوشتەی تەنافت بووم چ لازم تیرە بارانت؟!

* **ئەحمەد بەگی ساحێبقران (حەمدی)** (١٨٧٨-١٩٣٦):

لـــە وەســـفی (حەمـــدی)دا، توانـــاکان لاواز و چـــاوەکان کـــز و پەنجـــەکان پتیـــان تێـــدا نامێنـــن... کەچـــی ئـــەو هێشـــتا مانگـــی چواردەیـــە...! دەڵێـــن: سیاســـەت، ناســـکی دەکـــوژێ، ئـــەم سیاســـیش بـــوو، تـــۆ بڵێـــی گـــەر سیاســـی نەبـــا، لەمـــە جوانتـــر چـــی هەیـــە بینوســـیبا...؟! ژن لـــەلای شـــاعیران ڕەنـــگ و بـــۆی جیاوازیـــان هەبـــووە، هـــەر کەســـە و بەگۆشـــەنیگایەکی جیـــاواز لـــە ئافرەتـــی ڕوانیـــوە و ئەندامێکـــی زیاتـــر، کاری تێکـــردووە و بووەتـــە جێـــی

نیشـانی... (حەمـدی)، لـە وێنایەکـی دانسـقە و کـەم وێنەدا، نیگارێکـی (مانـی) ئاسـایی مەعشـووقەکەی بەشـانە و ئەگریجـەوە وێنـا دەکا، مەگـەر هـەر (خالـق) بزانـێ.. لەکاتێکدا ژیـان زۆر لـە سـەرەتایی بـووە، کەچـی شـاعیر جگـە لـە نیگـای شـیعری لـە هەسـت و سـۆزێکی پاکـەوە، وەک فەلەکناسـێک، شـارەزایی لـە زانسـتیش هەبـووە..! (حەمـدی) لـە دوورەوە ڕوودەکاتـە دڵدارەکـەی و پێمـان دەڵـێ: هـەر کاتـێ شـەو دادێ، یـارم پرچـی بەشـانە دادێنێتـە سـەر شـان و مـل و گەردنـی بـەرزی تاسـەر و سـنگی، ئیتـر مـن چەشـنی کەسـێ دەسـت بخەنـە بینقاقـای، تووشـی دڵـە کوتـێ و تاسـان دەبـم...! دیـارە شـاعیر سـنگ و گەردنـی یـاری بـە(ڕۆژ) و زوڵفـی ڕەشیشـی بە(ئـەو سـێبەرە ڕەشـەی کـە ڕووی مانـگ و خـۆر دەگـرێ و مانگگیـران و خورگیـران ڕوو دەدەن) چوانـدوە.. لـەم ئەنجامـەدا خەڵکـی لە(سـینی و تەشـت و تەنەکـە و ئاسـن، ئیسـتا «تەقـە» دەکـەن). دەدەن، وادەزانن خـۆر گیـراوە، منیـش دەدەم لـە سـەر و سـینە، چونکـە مـن دەزانـم چـی قەومـاوە؟! یـارم سـنگی داپۆشـیوە...!

بە شانە هەر شەوێ ئەگریجە دابێنێ کە تاسینە،
ئیتر دڵ هەر تەپ و کۆیە، دەزانێ وەختی تاسینە!
لە سینی و تەشت ئەدا عالەم، کە من ئەیدەم لە سینە و سەر
لە خەڵقی وایە ڕۆژ گیرا، کەچی داپۆشرا سینە!!!

* **سەید حەسەنی شێخە ئیسلامی موکری (هێمن) (١٩٢١-١٩٨٦)**:
شاعیری دڵتەڕ و ناسک، نیشتیمان پەروەر، بەباوان دەرەبگ و دۆست و پشت و پەنای شۆڕش و جوتیاران.. لیوانلێو لە نیگای ڕۆمانسی و جوانناسی... کەم بوون ئەوانەی چەشن و هێندەی ئەم (ژن, ئازادی, گوڵ, نیشتمان..) هەوێنی شیعرەکانیان بن، مەگەر قازی کە پەت و, کچانی قەنیل لە پاریس کە گوللەیان شەرمەندە کرد.. هێندەی (هیمن) سروودیان بۆ سەربەستی چڕیبێ، لە ژن ناسیشدا, لە کچێکی عەییاری هەمیشە لەبەر ئاوێنە.. زیاتر ئاشنایی جەستە و لەزەتی ئامێزی ژن بووە...
جارێک لە هێمن دەپرسن: تۆ کام شیعری خۆتت خۆش دەوێت؟ دەڵێ: (نزیک بە چل ساڵ لەوەی پێش شیعرێکم گوتووە, تاقە شیعرێ تاقە بەیتێک و بۆم زیاد نەبوو هەتا مام, چونکە پێم وابوو تەواوی ئیحساسی دەروونی خۆم لەو شیعرەدا وتووە, هەر یەک شیعرە مەنزوورم ئەوەیە شیعر فێربن, دەڵێم:

ئەسیری بسکی ئاڵۆزی کچە کوردێکی نەشمیلم,
تەماشاکەن چ سەیرێکە, بە دەستی دیلەوە دیلم)!

ژن پرۆسەی بەردەوامی ژیانە، خۆشەویستی, شیلەی ماچ و ئاهی گەرم و ئاوێزانە، عەشق دەسبەنی

مەچەكـى منالّیـی و پێوەنـی پەیمانـی گەورانـە... لێـرەدا كـۆی كۆمەڵگـە دیلـی كەلتـوور و، لاوانـی عاشـقیش دیلـی مەعشــووقەكانیانن.. مەعشــووقەكانیش (دوعــا) ئاســا دەبنــە قوربانــی...!!

* **ئەحمەد حەسەن عەزیز** (**ئەحمەد هەردی**) (**١٩٢٢-٢٠٠٦**):
شــاعیرێ تەنهــا خۆشەویســتی شــك بــەرێ، شــاعیرێ دڵــی لــە ژێــر پێــی غەدارییــدا بفلیقــێ, دڵــی نەیــە, ناســنامەی خۆشەویســتەكەی بدركینــێ.. شــاعیرێ كــچ بەخـوای جوانـی و چـرای شـەو بچوێنـی ئامۆژگاریـكا و بڵـێ: مـن دەزانـم ئاهـی شـەوانی عاشـقان چەنـدە گـەرم و گیـرۆدەن!! تكایـە كچـان خۆتانـی لـێ بپارێـزن...! كـێ توانـی لـە عەشـقا چەنـەی ئـەو ئەمەكـدار و راسـتگۆ و خــاوەن پەیمــان بــێ. هــەر ئــەو نەبــێ؟! ئــەو (فاتیمــە) یەكـی خۆشویسـت كـەس نەیتوانـی پێـی بدركێنـی, لـە سەرەمەرگیشــدا.. (رێبینــی كــوری لــە چاوپێكەوتنێكــدا وتـی: «لـە سـەرەمەرگدا بەدیـار سـەرییەوە بـووم لێـی پارامــەوە پێــم بڵــی فاتیمــە كێیــە؟؟ ســەری نەخێــری لەقانــد و نەیگــوت»، تــۆ هــەردی, نەریتــی (وەفــا) و خۆشەویســتییەكی وەك ژنەكانــی و زەنوێــری ئێلاخــت بـۆ فەرهەنگـی خۆشەویسـتی داهێنـا...! لـە عیشـقدا كـەس بــراوە نییــە، عەشــق بەخشــینە, ژانێكــە ئــارام بەخــش,

تاڵییەکـەی چەشـنی تاڵـی (زەیتـون)ە خـۆش... ئەوەتـا هـەردی گیـرۆدەی داوی زوڵفـی خۆشەویسـتەکەی بـووە، دەیـەوێ دەرچێت و کۆتایـی بـە مەینەتیـی عیشـق بهێنـێ.. یـار پێـی دەڵـێ: تـازە گیـرۆدەی زوڵفـی، نەجاتـت زەحمەتـە، نەخـوازەڵا، لای کەسـانێک کـە میوانیـان خۆشـدەوێ و لـە ناوەختیشـدا ڕووخسـەتی میـوان مەحاڵ و نەشـیاوە..! تەماشـاکە چ هونەرێکـی شـیعری جوانـی بـە وشـەی سـادە و سـاکاری کـوردی خوڵقانـدووە:

هەوڵی زۆرم دا لە داوی زوڵفی ئەو بێ مروەتە،
دەرچم و دوایی بهێنم بەم عەزاب و مەینەتە،
یار وتی: بێسودە هەوڵت، تاکو ماوە جێگەتە
تازە لەم پێچ و خەمی زوڵفە نەجاتت زەحمەتە
لای سەخی تەبعان مەحاڵە ڕووخسەتی میوانی شەو..

*** خالیـدی حیسـامی یـان خالیـدی کـوڕی حەمـەد ئاغـای موکـری (هێـدی- شـێواو)** (١٩٢٧- **مـاوە لـە ژیانـدا**):

هێـدی هێشـتا لـە ژیانـدا مـاوە، ڕوومەتـی وەک دەنکـی هەنار،،سـپی کاڵ، مولوولـەی خوێنەکانـی، تیـا بـەدی دەکرێـن.. سـەر و ڕیـش و سـمێڵی بـادراوی، چەشـنی بەفری کوێسـتانەکانن، بـەڵام هێشـتا چۆکیـان بە هەسـتی ناسـکی شـیعریی دانـەداوە... هێـدی تاڵـی و شـیرینی ڕۆژگـاری گەلـێ چەشـتوە، (چارەنووسـی شـاعیری

بێچـاره هەروایـە)... هێـدی دەخـوازێ شـێت و دێوانـە بایـە، بەڵکـو ئـازاد بـێ لـە تانـە و توانجـی خەڵـک، بـە ئاواتەوەیـە، دەسـت و پێکانـی لـە کەلەپچـە و پـاوەن بـان، ئاوەهـا بـەرەڵا نەبوایـە، چونکـە ئـەوکات گلەیـی تەنهـا لـە کەلەپچـە دەکـرد.. (زوڵـف و پـرچ) لـە شـیعردا کراوەتـە: «کەلەپچـە، پەتـی قەنـارە، تەڵـی کەمانچـە، پاسـەوانی سـنگ و مـەم، چوێنـراوە بـە شـەو، لـە ژوانـی عاشـقاندا لـە ئامێـزی یەکـدا، (پرچـی درێـژ) لەجیاتـی هـەوری دەیـدەن بـە سـەروچاوی خۆشەویسـتەکەیاندا.. پرچـی درێـژ کـە کـراوە بـە پەلـک! چۆێنـراوە بـە ڕەشـمار.. لـە مەرگـی ئازیزانـدا بـڕاوە و هەڵگیـراوە، وەک هێمایـەک بـۆ دەسـتهەڵگرتن لـە جوانـی، بـۆ سـزا و ئەتککـردن بڕیوویانـە..»، هێدیـش دەڵـێ: کاتێـک دێیـت بـۆ جێـژوان زوڵفـت شـانەکە، ئاواتـە خـوازە دەنکـێ لـە دانـەی شـانەکە بـا و (شـا) نەبـا...! تەماشـاکە چ ڕەوانبێژییەکـی جوانـی (ڕەگـەزدۆزی) بەکارهینـاوە:

ناسرەون هەست و خەیاڵ، ئەی خۆزگە من دێوانە بام،
خۆزگە دەست و پێم لە نێو زنجیربایە و وا نەبام
زوڵفی سەرشانت ئەزیزم، کاتێ هاتی شانەکەی؟
من گوتم: سەدخۆزگە دەنکێ (شانە)بام و (شا) نەبام...

* تێبینـی: شـیعرەکان لـە دیوانەکانـی شـاعیرەوە وەرگیـراون.

# شین گێڕشییەک
# بۆ
# پەروینی موشیری

ڕێزوو سوپاس بۆ ئێوەی مێمان نەواز

لە بەر دەرکی قەڵای شێروانەکەم، لە درزو خشتی شەقار شەقاریا، سۆزی نەکیسای و باربۆری چەمەری مەرگی بڵێسەی تینی ئاتەشگا و دەنگی دوو تەپڵەی هەی سوار هەی سواری عەشیرەتی جاف تێکەڵ بە حیلەی ڕەش کوێت و شێیە لە وێر دیلانە خەوو وەنەوزی پەرتەوازە لە خەو ڕای ژەندم، داچەڵەکام. بە حەپەساوی سەرسامی جوانییەکانی دەوەرێک بووم، کە خاکی جەواهێر سورمەی چاوی وردبینە لە دەس چونی ئەو هەموو سەروەت و دەوڵەتەی ڕابووردوو کە ئێستە خاکی ژێر پی کراوە. بە ئاخ و ئۆف چارناکرێ، تەنها هەوڵی خامەی ڕەنگینی ویستی تیژی دەمە زەردکراوی کۆڵنەدان ئەتوانێ کارسازبێت .....
کە شوکور بۆ خوا من بینیم و بەدیمکرد و دڵم وەک گوڵاڵە سووره گەشایەوە لە هەڵسووکەوت و قسە و

باسا بەوە گەیشتم وردە وەنەوز لە دوورەوە باوی نەماوە، هەر قەڵەمێک هاژەی سیروانێکە، هەر خشتێکی شکاو لاپەڕەیەکی مێژوویە، هەر زارێک گۆێ بو هاوارێک، بۆ هەرفریادێکی مێژووی ون بوو لە غوباری وەهم خەباتێ دەستان خۆش.
ئێوەی نووسەر و هاوڕێی ماندوو نابن، چوون ماندوو نەناسن(مەنەر) «لە خۆبایی»ناکەن چوون لای ئێوەی نووسەری گەرمێنە خاکەکەم وەستان سستی لە کارا نیە، ئەم میراتگریە لە سیروان فێر بوون، بۆ سیروان. چوونی بە خوڕ ئاساییە لای ئێوەی گەرمیانی هەمیشە دەوری جوانییە.
بۆ منی خوێنەری گۆڤاری (گیرفان) کە ڕۆژێک میوانی ئەو دەورە نەخشینە بووم هەموو شتێک لە قاڵبی عەشقا خولقێنەری خۆشەویستی بوو، با لە بیرتان بێ هیچ نەقشێک لە ژینی ئادەمیزادا نیە و نابێ بێ بنەمای عەشق، پایەداربن، زوان پاراوبن بە شیعر، پڕ خرۆش بن بە ئاهەنگ، ناودار و ڕەنگین بن بە شێوەکار.

براتان
ئەسعەد نەقشبەندی
٢٠١٣ /٢/١٢

بۆ کۆچی پەروین خانم (پەروینی مورشید وەزیری)

**وەرم بریا**

**پەروینم دی بە سەر سامی**
**پۆلێ پەریان دەوریان دابوو**
**لیباسێکی ئاڵو واڵا**
**لە و قامەتە ڕێک و جوانە**
**تێک ئاڵا بوو**
**بزە و خەندە ڕوانی ڕێک**
**پان و بەرین پڕ لە مانا**
**بۆ قوڵی ژین**
**چاو و برۆ هەر هەمان بوو**
**عەشق و ئیمان لە ناو گۆمی**
**چاوەکانیا هوەیدا بوو**
**سووری گۆنای ڕوو سووری بوو**
**وەک نووری نوێژ پێوە دیار بوو**
**نە ماندوو بوو نە مات و زیز**
**فەوجێ شیعر دەوری دابوو**
**نالی و مەحوی پیری موغان**
**پیرە مێردی چاو بە گریان**
**قوڵپی گریانی مەولەوی**
**فەخری ئەولای پێوە دیار بوو**
**زۆر بە ئەستەم بەڵام ئەهوەن**

**سەلامم کرد**
**زەردەخەنەی لێوەکانی وەک هەمیشە**
**تێی گەیاندم**
**نەترسا بوو.**

(ئەسعەدی نەقشبەندی هاوسەری کۆچکردوو پەروینی مورشید وەزیری



# ژنێک بە خوێنی خۆی نیشتیمان زیندوو دەکاتەوە

کەژاڵ ئیبراهیم خدر

(١)

ئەو ژن بوو،
پێش ئەنفال لەناو گیرفانی خۆیدا،
بەردێکی گوندەکەی هەڵگرت...
لەسەری نووسی،
ئەی بەرد تۆ جەستەت چەندرەقەو، منیش دڵم ،
عەرعەریش ناتوانێ نشتیمانم بیرباتەوە...

(٢)

ئەو کچ بوو،
لە سەر مشتەخۆڵێکی تەعریبکراوی باشوور
نامەیەکی تۆمارکرد،
نوسیبووی:
لەناو خۆڵی ئەم بیابانە،
خوێنی منو خاکی گوندم
سەرلەنوێ نشتیمان زیندوو دەکەنەوە.

(٣)

کەنیشکێکی ڕەشپۆش بوو،
پەڕی سیگارێکی لەدایکی دزی...
بە پەنجە خوێناویەکانی نووسی،
سەرکردەکان دەتوانن نشتیمان داگیر بکەن،
بەڵام ئەی چی لەدڵی ئێمە دەکەن.

(٤)

مێیەکی ئازاو بەجەرگ،
لەناو زیندانی دڵڕەقی،
دەپاڕایەوە فێری یەک و دووی کەن،
کە فێربوو،
بەحونجە دەینوسی،
لە یەکەمو دوا ڕستەی خۆمدا...
ڕۆژێک دێت، خوا ئاوڕێک لە ئێمەش بداتەوە...

(٥)
شێرەکیژێک،
بەدەم ڕێگەو دوعاوە
کە هێشتاش بۆنی کفری لێدەهات،
لەناو هەوایەکی تەڵخی بیاباندا،
بە پەنجەی شایەتمانی دەینووسی،
خودایە ئیماندارەکانت دەبینی.

(٦)
مێردمناڵێکی کچی ڕەشپۆش،
تا لەماڵ بوو،
لە خەتەنەش دەترسا،
کەچی لەناو زیندانی تۆقیندا،
دەستیان دەبڕیو ئەو پێدەکەنی...

(٧)
بێریەکی قەشەنگی جوانکیلە،
لەناو تۆزی بیابانو
قیژەی ژنو،هاواری مناڵ....
بە دەنگی بەرز هاواریکرد،
ئەوە ئێوە یەکەمجار نییە،
خاکمان دەخۆن،خوێنمان دەبەن،
کیژەکانمان لەناو عەگالی
پیاوی جەهل ڕەشپۆش دەکەن.

(٨)

ئەو ژنێکی گەرمیانی بوو

ئازار لەپشکۆوە کردیە خۆڵەمیش،

لەگزنگەوە کردیە زەردەپەڕ،

سترانێکی نەبیستراو بوو،

لەناو گەرووی بیابانێکی تووڕەدا...

سەمایەک بوو،

لەسەر دوو قاچی شەکەت وەستابوو،

کەچی هێشتاش دەیووت

من شۆڕە ژنم..

(٩)

ئەو کەنیشکەی من بینیم

شانۆیەکی بێکۆتاییو،

وەرزی یەکەمی رۆمانێکی درێژبوو...

کە پاڵەوانەکەش مرد ..

کەچی ئێستاش لەناو دڵی ئێمەو

لەسەر خاکی بیابانی بێ ویژدان زیندووماوە..

(١٠)

ئەو کچۆڵەی لەگوندەکەی شەرم خواردی،

لەزینداندا ببوو بەشێر،

بوو بە ژنێک

پیاوەکانیش لێی دەترسان.

چونکە شۆڕە ژنی گەرمیان بوو...

# گەرمیانییەک ئەتڵەسی پارێزگای کەرکوک ئامادە دەکات

«پرۆژەکەم زانستییە و یەکەم کاری لەو جۆرەشە لەسەر ئاستی عێراقدا».

**ئامادەکردنی راپۆرت: سامان کەریم**

بۆ یەکەمجار لەسەر ئاستی عێراقدا, پرۆژەی ئامادەکردنی ئەتڵەسی کەرکوک بۆ گۆرانکارییە کارگێرییەکان لەلایەن نووسەرێکی دانیشتووی قەزای کفرییەوە ئامادەکراوە و کۆمەڵێک زانیاری ئەکادیمی لەخۆدەگرێت.

نووسەرێکی دانیشتووی قەزای کفری, ساڵێک و دوو مانگە پرۆژەی ئامادەکردن و نووسینی ئەتڵەسی کەرکوک لە رووی گۆرانکارییە کارگێرییەکانەوە, تەواوکردووە, کە یەکەم پرۆژەی لەو جۆرەیە لە ئاستی عێراقدا ئامادە بکرێت..

سوهێل (شەماڵ) خورشیدی تەمەن ٥١ساڵ کە دەرچووی کۆلیژی کشتوکاڵی زانکۆی بەغدایە,

لەبارەی بیرۆکەی ئامادەکردنی ئەو ئەتڵەسەوە وتی:»بە هۆی کارکردم لە بەشی زەوی زار و شارەزاییم لە نەخشەدا توانیم نەخشەی هەرسێ ناحیە کۆنەکەی کفری (شێروانە، قەرەتەپە و پێباز) ئامادە بکەم, دواتر توانیم هەموو نەخشەکانی ناوچەی گەرمیان و پشت بەستن بە فەرمانە کۆمارییەکان گۆڕانکارییە کارگێڕییەکانی ناوچەی گەرمیان ئامادە بکەم و وەکو ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی و بۆ روونکردنەوەی نیازو و شێوازی پاکتاوی رەگەزی تایبەت بە گۆڕانکارییە کارگێڕییەکانی پارێزگای کەرکوک کە هێڵی سووری نەتەوەی کوردە و بە هاندانی چەند برادەرێک توانیم فراوانی بکەمەوە تا بە تەواوی پارێزگای ناوبراو بگرێتەوە«.

ئامادەکاری ئەتڵەسی کەرکوک ئاماژە بەوە دەکات, کە پرۆژەکەی لە مانگی (١١)ی ٢٠١١ەوە کۆتایی پێهاتوە، لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠١٢ەوە لە بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانییە, بەڵام «بە هۆی زۆری کتێبەوە نەتوانرا لە بودجەی پار چاپبکرێت, بەڵێن دراوە لە بودجەی ئەمساڵدا چاپ بکرێت».

لە ئامادەکردنی ئەتڵەسی پارێزگای کەرکوک بۆ گۆڕانکارییە کارگێڕییەکاندا, نووسەر سوودی لە نەخشەکانی کشتوکاڵی کەرکوک و خانەقین و چەند

کتێبێکی مێژوویی و جوگرافی و سایتەکانی ئینتەرنێت وەرگرتووە.
خاوەنی ئەتڵەسەکە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەتڵەسەکەی لە چوار بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم: کەرکوک لە ساڵی ١٩٤٧ە, تێیدا هەموو یەکە ئیدارییەکان بە ژمارە و ناوی کەرتەکان دیاریکراوە. لە دووەم بەشدا ئەو گۆڕانکارییانەی لیوای کەرکوک لە نێوان ساڵانی(١٩٤٧-١٩٦٥)دا ئەنجامدراوە بە نەخشە و فەرمانی کۆماری دیاریکراوە. بەشی سێیەمیش باس لە ساڵانی نێوان (١٩٦٥-١٩٧٧)کراوە و گۆڕانکارییە کارگێڕییەکانی ساڵانی ١٩٧٧-١٩٨٧یش لە دوابەشدا باسکراوە.
سوهێل خورشد دەڵێت:»هەوڵمداوە کارەکە زانستی بێت, متمانەم بە کارەکەم هەیە و دڵنیام سوودی دەبێت بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی«.
ئامادەکاری ئەتڵەسی کەرکوک, لە رابردوودا کتێبێکی مێژوویی لەسەر شاری کفری بەزمانی عەرەبی بەرهەمێکی تریشی بە زمانی کوردی لەسەر قەزای کفری و هەروەها چەند نەخشەی لەبارەی پاکتاوی رەگەزی ناوچەی گەرمیانەوە بڵاوکردوەتەوە. هەرچەندە لەئامادەکردنی ئەم ئەتڵەسەدا کۆمەڵێک کێشەی لە نمونەی کەمی و نەبوونی سەرچاوەی

پێویست و کێشەی تەکنیکی ڕووبەڕووبوەتەوە, بەڵام لە ئەنجامدا توانی پرۆژەکەی ئامادەی چاپ بکات.

ئەو وتیشی:»یەکێک لە ئاواتەکانم دروستکردنی ئەتڵەسێکە, کە هەموو یەکە کارگێرییەکانی باشوری کوردستان لە خۆبگرێت, بەڵام ئەم کارە بە کەسێک ناکرێت بەڵکو بە دامەزراوەیەک, یان لیژنەیەک (ئەگەر هەبێت) ئەکرێت, لە کاتێکیئاواشدا ئامادەی کارکردنم تیایدا«.

# Girfan

No 21
2013

Werze Govarêkî Roşînbîryî Gistyî Sȩrbexoye



ئەو ژن بوو،
پێش ئەنفال لەناو گیرفانی خۆیدا،
بەردێکی گوندەکەی هەڵگرت...
لەسەری نووسی،
ئەی بەرد تۆ جەستەت چەندرەقەو، منیش دڵم،
عەرعەریش ناتوانێ نشتیمانم بیرباتەوە...

ژمارە (سفر)ی گۆڤاری گیرفان لەکۆتایی  ساڵی ٢٠٠٥ دەرچووە